کرێکارانی جیهان یەکگرن

# پێشڕەو

ئۆرگانی کۆمیتەی ناوەندی کۆمەڵە

دەورەی دووهەم    ژمارەی ٣٧    رەزبەری _١٣٦٩    ئوکتوبری_ ١٩٩٠

## ئازادی بۆ هەموو ئەسیرەکان!

ئەسیرەکانی شەری ئێران و عێراق خەریکن دەگەرینەوە. ئەم رۆژانە دەیان هەزار خانەوادە دوای چەندین ساڵ چاویان بە دیداری ئازیزانیان روون دەبێتەوە. ژنان و پیاوان و منداڵان کەس و کاری ئازاد کراوی خۆیان لە باوەش دەگرن و گەرمای خۆشەویستی سەرتاسەری وجوودیان دادەگری و شادییەك لە دەمارەکانیان دەگەری کە لانی کەم بۆ چەند لەحزە خەم و هەناسە ساردی عومریك مەینەت و هەشت ساڵ کوشتار و ماڵویرانییان لەبیر دەباتەوە.

شاد بوونەوەتان بە دیداری ئازیزان لێ پیرۆز بی و چاو و دڵتان روون!

بەڵام لەوکاتەدا کە ئەسیری تازە ئازادکراو لە باوەش دەگرن، لەو کاتەدا کە دەستە گوڵی پیرۆز بایی بۆ یەکتر دەبەن و لەو کاتەش دا کە بۆ چاو و دل روونی هات و چوی ماڵی یەکتر دەکەن لە بیرتان بی هیشتا گەلیك خانەوادەیتر رولەکانیان ئەسیرن. لەبیرتان بی هیشتا هەزاران کەس لە شەریف ترین و خۆشەویست ترین رولەکانمان ئەسیرن. هەزاران کەس کە لە شەرێکی رانەگەیەندراودا ئەسیر کراون: دە ساڵ شەری بە رەسمی رانەگەیندراوی رژیمی جمهووری ئیسلامی لە دژی کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێش و خەڵکی ئازادیخواز و هەزاران کەس کە لەسەر دیفاع لە حەقی ئینسانی چەوساوە و ستەم لیکراو، لەسەر دیفاع لە ئازادیدا، لە سیاچاڵەکانی جمهووری ئیسلامی توند کراون.

ل٨

## وت وویژ لەگەل هاوری ئیبراهیم عەلیزادە

**پرسیار: یەکەمین پرسیارمان ئەوەیە کە وەزعی ئیستای رژیمی جمهووری ئیسلامی چون دەبینن؟**

**وەڵام**: لە بابەت مەوقعییەتی ئیستای رژیمی جمهووری ئیسلامی ئێران و وەزعیەتی سیاسی ئێران زۆر مەسەلە هەن کە لە لیکدانەوەیەکی هەمەلایەنەدا دەبی ئیشارەیان پی بکری بەڵام تا ئەو جیگایەی کە لەم گفت و گویەدا دەگونجی دەتوانم لەم بارەوە ئیشارە بە چەند خاڵی سەرەکی بکەم.

هەر لە مانگەکانی دوای ئاگر بەسی شەری ئێران و عێراقەوە ئاشکرا بوو کە جمهووری ئیسلامی و بە تایبەت ئەو جناحە کە دواتر بە تەواوی قودرەتی بە دەستەوە گرت (یانی جناحی رەفسەنجانی_ خامنەیی) وردەوردە لە هەموو ئیددیعا پان_ ئیسلامیستی‌یەکانی خۆی دەکشێتەوە و سەر لە نوی زیندوو کردنەوەی مەوقعییەتی بورژوازی ئێران لە مقیاسێکی میللی و لە تەوازونی قوایەکی مەحەللی دای بە ئامانجی حداکسەر خۆی داناوە. بورژوازی ئێران ئەمجارە تیدەکوشا کە لە شکل و قالبی جمهووری ئیسلامی‌دا مەوقعییەتی لەدەست چووی خۆی وەکوو هێزێکی موسر لە موعادەلاتی سیاسی لە مەنتەقەی خەلیجی فارس دا، سەر لە نوی بەدەست بێنیتەوە. ئەمرۆ پاش دوو سال لە بەرقەراری ئاگر بەس لەشەری ئێران و عێراقدا، دەتوانین ئەو واقعییەتە ببینین کە جمهووری ئیسلامی لەم زەمینەیەدا موەفەقییەتێکی وای بە دەست نەهێناوە. بەچاو خشاندن بەسەر دەور و نەقشی رژیمی ئێران لە بەر خوردی‌دا بە مەسەلەکانی ناشی لە بوحرانی تازەی مەنتەقەی خەلیج کە لە نەتیجەی حەملەی عێراق بۆ کویت دا بە وجوود هاتوە بە رۆشنی دەکری بڵێین کە <u>بورژوازی ئێران بۆ دەورەیەکی دریژ خایەن لەوە نائومید بووە کە ئێران ببیتە قودرەتی یەکەمی مەنتەقە کە</u> جمهووری ئیسلامی لەو رووداوەدا بە ئاشکرا پیوەی دیار بوو کە دەوری هێزێکی دەرەجە چەندەم لەو مەنتەقەیە دەگیری و عەمەلەن کەوتوەتە حاشیەی ئەو مەسەلەیە. پێك هاتنی ئاوا وەزعییەتێك ریشەی یەك گویا لە "بی لیاقەتی" و "بی کفایەتی" رابەرانی جمهووری ئیسلامی و ئەم یا ئەو جناحی رژیم دا بەلکوو لە بوحرانێکی قووڵتر دایە کە ئەو رژیمە هێشتا لەگەلی دەستەویەخەیە و ٨ ساڵ شەر و ناکامی ئەو رژیمە لە سیاسەتە پان ئیسلامیستی‌یەکانی خۆیدا ئەو بوحرانەی ئەوەندەی‌تر لی توند کردوەتەوە. ئیقتسادی ئێران وەرشکستەیە، ئەرتەشی ئێران و هیزە نیزامی‌یەکانی لەژیر باری شکستی یەك لە دوای یەکدا کە بە تایبەت ساڵێ ئاخری شەرەکە بەسەریان دا هات هێشتا نەیتوانیوە پشت راست کاتەوە. جمهووری ئیسلامی هێشتا نەیتوانیوە ریزەکانی بورژوازی ئێران یەکگرتوو بکا. نارەزایەتی گشتی هەتا دی زیاد دەکا، وە زور مەسەلەی دیکە لەم زەمینەیەدا کە دواتر دەگریمەوە سەریان. ئەو وەزعییەتە واقیعی‌یەیە کە دەبێتە هۆی ئەوەکە لە جەرگەی بوحرانی سیاسی و ریز بەستنی نیزامی ئیستادا کە لە مەنتەقەی خەلیجی فارس پێك هاتوە، جمهووری ئیسلامی وەك هێزیکی بەرچاو حیسابی لەسەر نەکری.

لە زەمینەی سیاسەتی دەرەوەدا، مەبەستی رەفسەنجانی ئەوە بوو پشتیوانی وڵاتانی رۆژئاوا بولای جمهووری ئیسلامی راکیشی. نیگەرانی رۆژ لە رۆژ زیاتری رژیم لە ناکامی‌یە ئیقتسادی‌یەکانی و توند بوونەوەی نارەزایەتی ناو خۆ لە لایەك،

## ساڵهاتی گیانبەخت کردنی دوو ئەستێرەی گەشی بزووتنەوەی کۆمۆنیستی

نیوی هاوری سدیقی کمانگر نیویکی ناسراوە. هاوری سدیق یەکیك لە خوشەویست ترین رابەرانی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستان و بزووتنەوەی شۆرشگێرانەی کوردستان بوو. هاوری سدیق، تێکۆشەری لە مێژینەی رێگای رزگاری کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش بیست ساڵ پێش بە ریزی کۆمەڵە پەیوەست بوو و لە بزووتنەوەی جەماوەری ساڵی ١٣٥٧دا لە دژی رژیمی شا، یەکیك لە رابەرانی کارامە و لیهاتووی خەڵکی جنووبی کوردستان بوو. کونەپەرستی و کونەپەرستانی مەحەللی هەوڵ و تەقالایەکی زۆریان بەکار برد تا جی پی‌یەك لە جنووبی کوردستاندا بۆ خۆیان بکەنەوە بەڵام هاوری سدیق و



هاورییانی لە کۆمەڵەدا، بە رابەری رادیکال و شۆرشگێرانەی خۆیان مانعی ئەوە بوون کە کونەپەرستی‌ی مەزهەبی حاسلی خەباتی خەڵکی کوردستان برفینی و بە قازانجی خۆی کەڵکی لی وەرگری.

ل٥

ساڵیك لەوە پیش کاتیك هاوری غلام کشاورز بۆ دیدار تازە کردنەوە لەگەل دایکی کە یەکیك لە ئازیزترین کەسانی ژیانی بوو چوو بووە قبرس، لەبەرچاوی دیاك و برا و هاوسەری، لە لایەن جینایەتکارانی حیرفەیی جمهووری ئیسلامی‌یەوە تەقەی لیکرا و چەند سەعات دواتر گیانی لەدەست دا.

هاوری غلام لەگەل ژیان و خەباتی زەحمەتکیشان و لەگەل ئینسانە زەحمەتکیشەکان پەیوەندیکی ریشەداری هەبوو کە لە نەتیجەی عەشقیکی بی ئەو پەردا پێك هاتبوو، عەشقی بی ئەوپەر بە خانەوادەیەك کە خۆی لە داوینی‌دا گەورە ببوو، تامی تالی هەژاری و بی بەشی خەڵکی زەحمەتکێشی تێدا چەشتبوو و ژیانی



خۆی نابووە پێناو ئامانجی رزگاری کۆمەڵایەتی‌یانەوە. یادداشتەکانی دەفتەری رۆژانەی هاوری غلام خۆی قسە دەکا و ئێمە لێرەدا چەند خەتی بە نموونە دێنینەوە:

ل٥

## وت و ویژ لەگەل هاوری منسور حکمت سەبارەت بە: پێك هێنانی فراکسیونی کۆمۆنیزمی کارگەری

مانگی جوزەردان، بە بلاو بوونەوەی راگەیاندنیك لە لایەن هاوری منسور حکمت بۆ تێکۆشەرانی حیزب، فراکسیونی کۆمۆنیزمی کارگەری لە حیزبدا مەوجوودییەتی خۆی راگەیاند. ئەوی لیرەدا دەیخوێننەوە وت و وێژیکە لەگەل هاوری منسور حکمت سەبارەت بە پێك هاتنی فراکسیون. ئەم وت وێژەلە ژمارەی ٥٨ی گوڤاری "کمونیست" ئورگانی ناوندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران دا چاپ کراوە.

**کمونیست: وەك یەکەمین پرسیار با ئەوە بپرسم کە چون بوو پێك هێنانی فراکسیونتان بە پێویست زانی و بوچی ئیستا پێك دەهێنری؟ لە کونگرەی دووهەم دا کۆمۆنیزمی کارگەری وەك جیهەت گیری یەك کەوتە بەرانبەر حیزب و بە زاهیر قەبوول کرا. بە کونگرەی سێهەم موشەخەس بوو کە کۆمۆنیزمی کارگەری بە گشتی وەك تابلویەکی تازەی لی هاتوە بۆ حیزب کە دەکری لە سایەی پال بدەیەوە و تەنانەت لە حاست لافاوی ئاڵ و گۆرەکانی دنیای دەرەوەش کەمتەرخەم بی و هەمان ئاسوی جاران و هەمان پراتیکی جاران دریژە پی بدەی. بەم کونگرەیە کۆمۆنیزمی کارگەری وەك جەرەیانێکی رەخنەگرانە لەرابەری حیزبدا باسی کرا. ئایا پێك هاتنی فراکسیون ئیدامەی ئەو حەرەکەتە رەخنەگرانەیەیە؟ لە چاو ساڵ و نیویك لەوەپیش کە کونگرەی ٣ گیرا ئیستا چ زەمینەیەك فەراهەم بووە کە کۆمۆنیزمی کارگەری شکلی فراکسیونیکی تەشکیلاتی دەگریتە خۆی؟**

هاوری منسور حکمت: ئەگەر یەك لەحزە پەیوەندی تاریخی هاوبەشمان وەك کادری حیزبی کۆمۆنیست لە بیر بەرینەوە و چاو لە وەزعییەتی ئەمرۆ بکەین و بزانین هەرکاممان چ ئاسویەکی هەیە و چون لە کۆمۆنیزم دەگا و دەیەوی چ بکا، پێم وایە ئەوە بۆ هەموومان لە رۆژروشنتر دەبی کە بە پێی بۆچوون و فیکر و ئەولەوییەتەکانی ئەمرۆمان، ئێمە دەبوو لە ئەحزابی سیاسی جۆراوجۆردا بوایەین. بەڵام ئەو تاریخە هاوبەشە لەوە بە هیزتر و بەنرختره کە ئەمرۆ هەرکەس خۆی ملی رێگا بگری بچی حیزبێکی بە پێی ئاسوی خۆی پێك بینی یان بیدوزێتەوە.

ل٦

## بەیانییەی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە سەبارەت بە قەبوولی ئاگربس لە لایەن حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە

**کرێکاران!**

**کۆمەڵانی خەڵکی تێکۆشەری کوردستان!**

سەرئەنجام پاش نزیك بە ٦ ساڵ پی داگرتنی حیزبی دیموکرات لەسەر درێژەی شەر لەگەل کۆمەڵە و زیاتر لە دوو ساڵ دوای راگەیاندنی ئاگر بەسی یەك لایەنە لە لایەن ئێمەوە بەریوەبەرایەتی حیزبی دیموکرات لە تاریخی ١٧ی گولانی ئەو ساڵدا، رایگەیاند کە شەر لەگەل کۆمەڵە درێژە پی نادات.

شەرێك کە ئەمرۆ حیزبی دیموکرات کوتایی پی هێنانی بە رەسمی قەبوول دەکات لە ٢٥ی خەزەلوەری ساڵی ١٣٦٣وە دەستی پێکرد و سەنەد و بەڵگە و شەواهیدی زیندوو و حاشا هەڵنەگری ئەم دەورەیە بێگۆمان بە حیزبی دیموکرات ئیجازە نادات کە پەردەی ئیبهام و ناروشنی بکێشێتە سەر واقعییەتی رووداوەکانی ئەم دەورەیە. لەم رۆژەدا بوو کە حیزبی دیموکرات هێرشێکی گەلالە کراوی کردە سەر بنکەکانی کۆمەڵە لە ناوچەی هەورامان و لە ئاکامی کارەساتێکی جینایەتکارانەدا ژمارەیەك لە هاورییانی ئێمە بە دەستی حیزبی دیموکرات گیانیان بەخت کرد.

ل٤

## جمهووری ئیسلامی و مەسەلەی مەسکەن

کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێش هەر ئەسیری قەهری تەبیعەت و وەك ئاخوندەکان دەڵین "مەشییەتی ئیلاهی" نین. کافی‌یە چاویك لەو گەرەکانە بکەین کە نەك بەتەکانی بوومەلەرزە بەڵکوو بە کەوچکی لودیر و بە ئەمر و مەشییەتی شارەدارەکانی جمهووری ئیسلامی رووخاون: لە مەریوان ٨٠ ماڵی ویران کراوی گەرەکی جەنگەلبانی، لە سنە گەرەکی تەقتەقان، لە سەردەشت گەرەکی هەنداوی‌ییەکان، وە چەندین مەجبوور ئاوا و زۆرئاوا و حەلەبی ئاوا لە بۆکان و سەقز و مەهاباد و پیرانشار و شنو و لە هەر جێگایەك کە خەڵکی بی مەسکەن گویا بە بی ئیجازەی حاکمانی ئیسلام چوونەتە ژێر پەنایەك هەتا خۆ لە قرچەی گەرمای هاوین و لە سوزی سەرمای زستان بپاریزن، لەو گەرەکانە پاسدارانی حکوومەتی ئیسلام دەوری ماڵەکان دەگرن، دار و نەداری هەژارانەی دانیشتوانی ماڵەکان فری دەدەنە دەر و ماڵەکان ویران دەکەن.

لە نەزەر جمهووری ئیسلامی‌یەوە ئەم کەسانە حەقیان نیە مەسکەنیان هەبی. جمهووری ئیسلامی دەزانی ئەم کەسانە بێجگە لەو چوار دیواری‌یە کە بە قور و پووش دروستیان کردوە هیچ مەنزل و مەسکەنێك شك نابەن. دەزانی ئەگەر ئەم خەڵکە ئیمکان و دەرەتانێکی دیکەیان بوایە حازر نەبوون لەو جۆرە جێگایانە بژین،

ل٧

ببووە هۆی ئەوە کە ڕژیم زیاتر لە پیشوو خۆی بە موحتاجی ڕاکێشانی ئەو پشتیوانییانە بزانی و دەروازەکانی خۆی بەرووی سەرمایەی ڕۆژئاوادا بکاتەوە لە لایەکی دیکەش تەوازونی قوای جناحەکانی ڕژیم ناچاری کردوە کە هەدەفەکانی خۆی لەم زەمینەیەدا بە پاریزەوە بەریتە پێش. بیجگە لەمە، لەم زەمینەیەدا هویەکی مەنفی دیکەش بۆ جمهووری ئیسلامی هەیە کە دەبی ئیشارەی پی بکری: کەم بوونەوەی ئالوزی نیوان ئامریکا و شوورەوی و تیك چوونی ڕژیمەکانی ئورووپای شەرقی لە لایەك ئەو کەلینانەی کەمتر کردوەتەوە کە لە قەدیمەوە هەبوون و جمهووری ئیسلامی دەیتوانی بە مانور دان لە نیوان ئەو کەلینانەدا سیاسەتی خۆی بەرەو پیش بەری و غەرب هان بدات کە یارمەتی پی بکەن. ئەوە لە لایەك، لە لایەکی دیکەشەوە بە پێك هاتنی مەیدانی ئیقتصادی تازە لە ئورووپای شەرقی و شووروەوی و کرانەوەی دەروازەکان، بو دەورەیەکی کورتیش بی سەرمایەی ئورووپا غەربییەکان عەمەلەن ئێرانیان لە بەر چاو دەکەوی و لە لیستی ئەولەوییەتەکان دا ئێران دەکەویتە نورەی دواتر سەرنجی ئەم وەزعییەتی بووتە هۆی ئەوەکە سیاسەتی ڕژیم ئێران بو نزیکی لە غەرب و ڕاکیشانی پشتیوانی غەرب بە شینەیی بچیتە پێش.

لە زەمینەی وەزعییەتی ئیقتیسادیدا عەمەلەن ڕژیم لە کەم کردنەوەی نارەزایەتی گشتییەکان و کەم کردنەوەی بێکاریدا، لە کەم کردنەوەی تۆرم و گرانیدا، لە "بازسازی سنایع"دا، لە ڕاکێشانی سەرمایەکانی دەرەوە و وەر گرتنی وام دا، لە کۆنترۆلی جەمعییەت و بەرەوپێش بردنی تەرحی دریژ ماوە و لە زۆر شتی دیکەدا، هەر بە پێی موشاهەدەی وەزعییەتی عەینی و هەم بە پێی ئاماری نیو ڕۆژنامەکان و سەرچاوە ڕەسمییەکان موەفەقییەتێکی بەدەست نەهێناوە.

ئاماری بێکاری هەتا دی زیاد دەکا، ئەمرۆ زیاتر لە ٣٠٪ی هێزی ئامادە بە کار لە ئێران بێکارە. ناونجی زەرفییەتی بەرهەم هێنانی سەنعەتی لە بەشی دەوڵەتی و تەنانەت لە هێندێك لە کارخانەکانی بەشی خوسووسی بەهۆی کەم بوونی پێداویستییەکانی ماشینە تەولیدییەکان، نەبوونی ئەرز بۆ کرینی دەزگای تازە و وەلانانی دەزگا کونەکان، کەم بوونی مەوادی ئەولیە و کەم بوونی هیزی متخسس، وە بە دەلیلی مانگرتنەکان و خەباتی کارگەری، کەمتر لە ٥٠٪ی زەرفییەتی دیاریکراوی ئەو واحیدانەیە. تۆرم بە ئیقراری ڕۆژنامەکانی ئێران ٣٠٪ لە ساڵدا و لە ڕاستیدا زیاترە لە ٧٠٪، ئەو بەرنامە پێنج ساڵەیەی کە بە پێی زیاد کردنی ٢٪ی جەمعییەت دانراوە، ئەمرۆ لەگەل ٣/٢٪ زیاد کردنی جەمعییەت بەرە ورووە کە لە نەوعی خۆیدا بالاترین ڕەقەمە لە دنیادا. دیارە باری ئەم بوحران و فشارە ئیقتسادییە ئەساسەن لەسەر شانی کرێکاران و زەحمەتکێشان و خەڵکی کەم دەرامەد و دەستەنگی کۆمەڵ قورسایی دەکا و هەر ئەم وەزعییەتەش نارەزایەتی و نەفرەتی خەڵك لە جمهووری ئیسلامی پەرە پی دەدا.

لە بابەت کێشە و ناکوکییەکانی ناو خۆی ڕژیم دەبی بڵێین بە کوتایی پی هاتنی شەر لەگەل عێراق بەرەبەرە جناحی حزب اللهی و پان ئیسلامیست لە مەوقعییەت و جێگا و شوێنی کلیدی و ئەساسی و وەلانران و بە لابردنی "نخست وەزیری" و باقی ئاڵ و گۆرەکانی قانوونی ئەساسی، عەمەلەن میحوەری قودرەتمەندی ڕەفسەنجانی خامنەیی کە تا ڕادەیەك یەکدەست بوو، کەوتە لا سەرووی هێزی قودرەت. بەڵام سەرەرای ئەوەش هێشتا موخالفینی ئەم قوتبە لە مەجلیس و لە نیو سەتحی جۆراوجۆری سپای پاسداران نفووزیان هەیە و پوستی جۆراوجۆریان بەدەستەوەیە و بە تایبەت لەبەر مەوقعییەتێك کە سپای پاسداران وەك هیزێکی چەکدار هەیەتی هێشتا بو ڕەفسەنجانی جێگای ئەو نیگەرانییە هەیە کە مەبادا ئەمانە لە شەرایەتی "مناسب"دا دەست بدەنە کودەتا یان هەر ئیقدامێکی نیزامی دیکە. ئەم کێشە و ناکوکییە هیچ نیشانەیەك لە کەم بوونەوەی پێوە دیار نیە و ئیمکانی "تصفیه حیساب"ی خویناوی لە دەزگای دەوڵەتی ئێران دا بە هیچ شێوەیەك مەنتەفی نیە. شتێك کە هەتا ئێستا نەقشی بووە لەوەدا کە جناحە جۆراوجۆرەکانی ڕژیم بەرانبەر بە یەکتر دەست نەدەنە زەبر و زەنگ و ئیقدامی قەهراوی، ئەوەیە کە هیچکامیان نەیانتوانیوە پشتیوانەیەکی ماددی لە زەمینەی ئیقیسادیدا بە وجوود بینن بۆ وەری خستنەوەی چەرخی تەولید و پێك هێنانی سبات و سەقامگیرییەکی جیگەی متمانە بۆ سەرمایە لە ئێران، تەنانەت نەیانتوانیوە تەرحیکیش بۆ ئەمە بدەن.

لەبابەت بزووتنەوەی ئیعتیرازی و جەماوەری لە سەتحی ئێران دا دەبی بڵێین مانگرتنە کرێکارییەکان لە واحیدە سەنعەتییەکان لە یەك دوو ساڵی ڕابوردوودا هەم لە بارەی ژمارە و چەندایەتی وەهەم لە باری دەرەجەی ڕێکخراو بوون و تەجرەبەی خەباتکارانەوە، لە بەرەوپێش بردن و وەدی هێنانی داخوازەکاندا پێشرەفتی بەرچاو و ئومید بەخشی بووە. ئیعتیرازاتی پەراکەندەی جەماوەری کە لە ئارادایە ئاگریکە لە ژیر خولەمیش دا کە جاروبار لیرە و لەوەی سەر هەڵدەدا. هەلومەرجی سەختی ژیان، خەفەقانی سیاسی و فەرهەنگی نەفرەتێکی قوولی پێك هێناوە کە جمهووری ئیسلامی بو پێش گرتن بە تەقینەوەی، هیچ ڕێگایەك بێجگە لە توند کردنەوەی خەفەقان و سەرکوتی پولیسی بو خۆی دانانی. ئەو شتەی وەك سکلی ژیر خولەمیش باسم کرد لە ڕاستیدا لە عەینی حالدا ریز بەستنێکی چینایەتییە کە خەریکە لە کۆمەڵدا شکل دەگری و سیما و ڕوخسارێکی تازە دەدا بە بزووتنەوەی جەماوەری داهاتوو بۆ ڕووخاندنی ئەم ڕژیمە. چینەکان بە داخوازی تایبەتی خۆیانەوە پی دەنینە مەیدانی کێشە و ململانی چینایەتی توند و تیژی داهاتوو و هەول دەدەن بەستە بە میزامی هێز و قودرەتی خۆیان، ئێرادە و بەرژەوەندی خۆیان تەئمین بکەن و قسەی خۆیان بەرنە سەر ئەمە دەرسیکە کە شورشی ئێران و دە ساڵ خەبات بەرانبەر بە ڕژیمی جمهووری ئیسلامی بە زۆر کەسی داوە.

جمهووری ئیسلامی هەول دەدا بەسەرکوت کردنی فەعالییەتی سیاسی موخالیفی خۆی ئیمکانی شکل گرتنی هەر ئالترناتیویکی واقیعی کە بێهەوی جێگای ڕژیم بگرێتەوە لە بەین ببا. حەساسییەتێك کە جمهووری ئیسلامی ئەمرۆ تەنانەت بەرانبەر بە فەعالییەتی بوژوا لیبرالەکان کە لە ئێران مجاز و قانوونیشن، لە خۆی نیشان دەدا، لە لایەك نیشانەیەکە لە ناکامی جمهووری ئیسلامی لە یەکگرتوو کردنی ڕیزەکانی بورژوازی ئێراندا و لە لایەکی دیکە نیشانەی نیگەرانییەتی لە شکل گرتنی ئالترناتیویکی لیبرالی کە جێگای ڕژیم بگرێتەوە.

**پرسیار**: **ئیشارەتان بە تەوافوقاتی ئەم دواییانەی ئێران و عێراق کرد. بە نەزەری ئێوە جمهووری ئیسلامی هەتا چ ئەندازە توانیویەتی بە کەلك وەرگرتن لەم فورسەتە، مەوقعییەتی خۆی لە تەوازونی قوای مەنتەقەییدا باشتر بکا؟**

**وەڵام**: بەلی! بی شك ڕژیمی ئێران لەو فورسەتانە کە بە موناسەبەتی بوحرانی ئەخیر لە خەلیجی فارس پێك هاتبوون موقتەن بەهرەمەند بوو، وە توانیویەتی بە یەکێك لە هەدەفەکانی بگا کە بە دریژایی وت و وێژەکانی دوو ساڵی ڕابوردوو لە مەیدانی دیپلوماسیدا بە شوێنیەوە بوو. بەڵام واقعییەت ئەوەیە کە تەوافوقاتی ئەخیری ئێران و عێراق، ئەمرۆ بە ڕووداوێکی چکولە بە حیساب دی لە جەرگەی بوحرانێکی گەورەی مەنتەقەییدا. قەزاوەت لەسەر ئەوەکە لەم نیوەدا تای تەرازوو چەندە بە لای جمهووری ئیسلامیدا هاتوە بە دەرەجەیەکی زۆر بەستەگی بەوە هەیە کە نەتیجەی ئەم بوحرانە چیلی دێتەوە. هەر وەك پێشتریش ئیشارەم پێکرد ڕژیمی ئێران کە بە پاشەکشە لە ئیددیعا پان ئیسلامیستی و مەنتەقەییەکانی خۆی، خزا بووە سەنگەری دیفاع لە ناسیونالیزمی ئێرانی لە چوار چێوەیەکی بەرتەسك تردا، دەورێکی تەنانەت بە قەدەر تورکیەش لە ڕووداوەکانی ئەم دەورەیەی خەلیج دا لە ئەستو نیە و لە حاشیەی ئەم ڕووداوەدا تەنیا لەو کەلینانە کە لە نەتیجەی ئەم بوحرانەدا پێك هاتوون بەهرەبەرداری دەکا. ئەمە بی شك بۆ بورژوازی ئێران بە مەوقعییەتێکی ناموساعید حیساب دەکری و دەتوانی تەبدیل ببی بە سەرشکستەیی و مەوقعییەتێکی پایین دەست تری لە مقیاسی مەنتەقەییدا بۆ بە وجوود بینی.

**پرسیار**: **لەبەر ئەوەی پرسیارەکانی دواترمان دینە سەر هەندیك مەسەلەی موشەخەسی مەربووت بە کاری ئێمە لە کوردستان، تکایە لیرەدا نەزەری خۆتان سەبارەت بە وەزعییەتی سیاسی گشتی لە کوردستان، بەیان بکەن.**

**وەڵام**: لە بابەت هەلومەرجی ژیان و مەسەلەکانی بەرێچوونی خەڵکی کرێکار و زەحمەتکێش لە کوردستان، دەبی هەر باسی ئەو موسیبەتە و مەحروومییەتانە بکەیەن کە لە ئاستی سەراسەریدا بۆ زۆربەی هەرە زۆری کۆمەڵی ئێمە وجوودی هەیە. بێکاری و گرانی پێداویستییە سەرەتاییەکانی ژیانی خەڵك بیداد دەکا و لە دوای کوتایی پی هاتنی شەری ئێران و عێراقەوە هیچ باشبوونێك لە ژیانی خەڵك دا حاسل نەبووە. وەعدە و بەلینی جمهووری ئیسلامی بۆ پێك هێنانی "ئشتعال" و دەسپێکردنی پرۆژەی جۆراوجۆری ئیقتسادی، هەموو بە درو دەر چوون. ئەمرۆ تەنانەت کاری ساختمانی لە شارەکان کە بەشێکی بەرین لە کرێکارانی کوردستان سەر بەم بەشەن تووشی ڕکوود و ڕاوەستان بووە. ئەمرۆ ئەگەر قەرار بی باسی ڕەونەقێك لە کوردستان بکری، ڕەونەقی کەسب و کاری تاجران و معامەلە گەرانی دەوڵەمەندە کە وەك هەمیشە مەجالیان دەست کەوتوە فەلاکەتی ئیقتسادی خەڵکی زەحمەتکێش بکەنە وەسیلەیەك بۆ وەسەریك نانی سەروەت و بو هەر چی دەوڵەمەندتر کردنی خەزینە و پاشە کەوتیان.

کوردستان، دوو ساڵ پاش کوتایی پی هاتنی شەری ئێران و عێراق هێشتا سەرزەمینێکی تەواو نیزامی و میلیتاریزەیە و هێزە چەکدارەکانی ڕژیم نەك هەر لە سنوورەکان بەڵکوو لە قووڵایی کوردستان لە هەموو گوشەیەکی ژیانی کۆمەڵدا دەخالەت دەکەن و مەوجوودییەتی خۆیان بە خەڵك تەحمیل دەکەن.

ئەو وەعدە و شایعاتە کە بەشێوەی غەیرە ڕەسمی لە یەك دوو ساڵی ڕابووردوودا و لە هەندیك مەقتەع دا بلاو دەبوونەوە سەبارەت بەوە کە گویا جمهووری ئیسلامی مەیلی هەیە مەسەلەی کوردستان بگاتە ڕێگاچارەی "مسالمت ئامیز" و هیمنانە و ڕژیم داخوازەکانی بزووتنەوەی خەڵك بەراوردە بکا. ئەم جۆرە قسانە کە حیزبی دیموکراتی پەیڕەوی کونگرەی ٨یش پەرەی پی دەدان لاپەریکیتری لە سیاسەتی دوو ڕوویانە و ڕیا کارانەی ڕژیم لە کوردستان زیاد کرد. هەر وەك پێشتریش ئاشکرا بوو وت و وێژی نهێنی لەم زەمینەیەدا بە هیچ کوی نەگەیشت و بە ڕیسوایی کوتایی پی هات. هەر لەم دەورەیەدا ڕژیم بەرانبەر بە بزووتنەوەی شورشگیرانەی کوردستان سیاسەتی توند کردنەوەی سەرکوت و ئیعدامی تێکوشەرانی سیاسی و کرێکارانی موعتەریزی درێژە پیدا. وە نیشانی دا کە بە پێی جەوهەری کونەپەرستانە و بورژوایی خۆی ناتوانی پێك هێنەر و سەرچاوەی هیچ شتێك بی بێجگە لە چەوسانەوە و ڕۆژ ڕەشی و مەحروومییەت لە کوردستان.

جمهووری ئیسلامی وەك هەمیشە لە کوردستان بی پایە و نەفرەت لیکراوە. کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێش کە بە درێژایی ساڵانی ئەخیر هەمیشە وەك جەماوەرێکی موعتەریز و نارازی و خوراگر بەرانبەر بە جمهووری ئیسلامی و سەرمایەداران و کونەپەرستانی محەللی بە شکل و شێوەی جۆراوجۆر خەباتیان کردوە و بە تەحمیلی ویست و داخوازەکانی خۆیان بە ڕژیم و بە بورژوازی کوردستان، هەولیان داوە، ئەمرۆ خەباتی خۆیان بە تەجرەبەو کارزانییەکی زیاترەوە و تەنانەت لە شکل و قەوارەی سازمانیی پێشرەفتەتر دا درێژە پی بدەن. حەرەکەتە کارگەرییەکان و خەباتی خەڵکی زەحمەتکێشی گەرەکە فەقیر نشینەکان لە شارەکان بە داخواز و ویست و تەوقوعاتی زیاترەوە، ئیدامەی هەیە. لە تەناسوبی قوایەکی کۆمەڵایەتی دا کە گوراوە، کونەپەرستی مەزهەبی و سوننەتە دواکەوتووەکان لە بابەت ژنانەوە، بە دەرەجەیەکی زۆر پاشەکشەیان پێکراوە و سوننەتی پێشکەوتنخوازانە و سوننەتەکانی خەباتی سوسیالیستی جێگای ئەوانەیان گرتوەتەوە.

زەرفییەتی گەشە کردن و پەرە گرتنی خەبات و موقاوەمەتی جەماوەری و ئیعتیرازی لە نیو کرێکاران و لاوان و خەڵکی دەستەنگ و کەم دەرامەد دا یەکجار زۆرە و ئەم خەباتە تەجرەبەی خۆی هەیە ئالترناتیوی کرێکاری و کۆمۆنیستی کە دەبی ئەم بزووتنەوانە بە بزووتنەوەی چینی کرێکار بو ڕزگاری مەربووت کاتەوە، دەبی ئەرکەکانی خۆی لەم زەمینەیەدا بناسی و هەڵسووراوانە و چالاکانە بەرێوەیان بەری.

**پرسیار**: **هاوری ئیبراهیم! ئێوە باسی تەوافوقاتی تازەی ئێران و عێراق و مەسەلەی سولحی داهاتووی نیوان ئەو دوو وڵاتەتان کرد. لە نەزەر ئێوەوە، وەها ڕووداوێك چ تەئسیریك لەسەر کار و تێکوشانی ئێمە دادەنی؟**

**وەڵام**: ئێمە پێشتر گەلێك جار وتوومانە کە تەواو بوونی شەری ئێران و عێراق ڕووداوێکی دلخواز و بە قازانجە، چ بە نیسبەت ژیان و ئەمنییەتی کۆمەڵانی خەڵکەوە و چ بە نیسبەت ڕێگا خۆش بوون بو گەشە کردنی بزووتنەوەی ئیعتیرازی کرێکاری و جەماوەری لە کوردستان و لە هەموو ئێران. ئێستاش کە تەوافوقاتی تازە بە دەرەجەیەکی زۆر ئیمکانی سەر لە نوی دەسپێکردنەوەی شەرێکی ویرانگەر کویر دەکاتەوە، وە کۆمەڵێکی زۆر ئەسیر و زیندانی جەنگی کە لە نەتیجەی ئەم شەرە کونەپەرستانەیەدا چەندین ساڵی ژیانیان بە ئەسیری بەسەر چوو بوو، دەگەرێنەوە باوەشی خانەوادەکانیان. هەمووی ئەوانە جێگای خوشحالییە. هەر وەها کویر بوونەوەی هەموو ئەو بر و بیانووە سنوورییانە کە هەمیشە بە بورژوازی ئیمکان دەدا مەبەست و ئامانجی واقیعی خۆی لە شەر بشارێتەوە، ئەوەش خۆی حالەتێکی دلخوازە. وەها تەوافوقاتێك بەهەر دەلیلێك پێك هاتنی ئەو ئیمکانە لە بورژوازی دەستێنێتەوە کە زەین و فیکری کۆمەلانی نارازی و مەعتەریز و هەقخواز بەرە و کێشە و ناکوکی وا ڕابکیشی کە چەند و چونی حەل بوون و حەل نەبوونەکەی، ڕەبتی بە قازانج و مەسلەحەتی ئەوانەوە نیە. هەر بۆیە زۆر بە کورتی دەتوانم ئەوە بلیم کە تەواو بوونی حالەتی شەر و بەر قەراری سولح، بە قازانجی ئامانجی دریژ ماوەی سیاسی و خەباتکارانەی خۆمان دەزانین.

ئێمە تیدەکوشین بە هەموو ئیمکاناتی تەشکیلاتی و زەرفییەتی سیاسی خۆمانەوە بە کەڵك وەرگرتن لە هەلومەرجێکی موساعید کە وجوودی هەیە، بەرەو پێری بەرپا کردنی بزووتنەوەی ئیعتیرازی گشتی و متالەباتی و سیاسی کرێکارییەوە بچین.

لە هەمان کاتدا، لەبەر ئەوەی بەشێك لە تەشکیلاتی ئێمە هێزی چەکداری ئێمە و

رادیوکانی ئێمە لە ئیمکاناتێك کەڵك وەر دەگری کە لە نەتیجەی وجوودی ناکوکی‌یەکانی نیوان دوو دەوڵەتی ئێران و عێراقدا، پێك هاتوە، رەوتی سولح و کەم بوونەوەی ناکوکی‌یەکان عەلی ئەلقاعدە لەسەر ئەم ئیمکاناتە تەئسیر دادەنی و ئەو بەشە لە فەعالییەتەکانی ئێمە دەچێتە ناو فاز و دەورەیەکی دیکە. ئێمە تێدەکوشین لەگەل ئەوەشدا کە لە ئێمکانات و زەرفییەتەکانی مەوجوود بە شێوەی ئوسوولی کەڵك وەرگرین، شکلەکانی فەعالییەتی خۆشمان لەگەل روحی هەلومەرجی تازە تەتبیق بدەین. ئێمە لە ماوەیەك لەوەپێشەوە لەم بابەتەوە ئیقداماتێکمان دەست پێکردبوو کە ئێستاش ئیدامەی دەدەین و تەکمیلی دەکەین. ئیقداماتێکی وەك:

– ئارایشی تازەی تەشکیلاتی عەلەنی بە جۆرێك کە تێکۆشانی هێزی چەکداری کۆمەڵە و رابەری و ئورگانەکانی سەر بەو هێزە، لە باری تەشکیلاتی‌یەوە بە تەواوی لە باقی مەیدانەکانی دیکەی فەعالییەتی کۆمەڵە جیا بکرێتەوە و ئەم بەشە بە رابەری و ئورگانەکانیەوە نزیك و تێکەلاو لەگەل مەوزوعی کاری خۆی بی. وەها شکلێك لە کار لەگەل ئەوەشدا قەوارەیەکی سازمانی ئوسوولی‌تر لە فەعالییەتی نیزامی حیزبی سیاسی بە دەستەوە دەدا، گونجاندنی فەعالییەتمان لەگەل هەلومەرجی تازەش ئاسان دەکاتەوە.

– روشن کردنەوەی سیاسەتی نیزامیان و چەندایەتی و چونیەتی کاری نیزامی بە جۆرێك کە لەگەل هەلومەرجی سیاسی تازە و مەقدووراتی ئەم دەورەیە بگونجی.

– وەگەر خستنی هەندیك مەیدانی تازەی کاری کۆمەڵە لە ولاتانی جۆراوجۆر بە کەلك وەرگرتن لە بەشێك لە کادرەکان و تێکۆشەرانی خۆمان کە ئێستا لە مەنتەقە سنووری‌یەکانی ئێران و عێراقن، وە یا پێشتر لەوی بوون، وە بەم مەبەستە هەوڵدان بۆ ناردنی بەشێك لەو هاورییانە، بۆ شوێنەکانی فەعالییەتیان لەو شوینانە.

– راگواستنی هەندێك فونکسیونی رابەری سیاسی کۆمەڵە بو ولاتێك کە بتوانن لە ئیمکاناتێکی زۆرتر و بەرینتر بۆ بەرەو پێش بردنی بەرنامەی کارمان لە پەیوەند لەگەل کوللی کارماندا لە کوردستانی عێراق، بەهرەمەند بین.

– فەعال کردنەوەی نەشریات و باشتر کردنی شەبەکەی بلاو کردنەوەیان لە شارەکانی کوردستان و هەروەها بە کار گرتنی شکل و شێوەی‌تری تەبلیغات بۆ ئەوەی کە لە هیچ هەلومەرجێك دا بوشایی‌یەکی ئەوتو لەکاری تەبلیغی ئێمەدا پێك نەیە، ئەوانە و کۆمەڵێك ئیقداماتی دیکەی لەو نەوعە.

**پرسیار: هاوری ئیبراهیم باسی ئەوەتان کرد کە خەباتی چەکدارانە بە پێی سیاسەتی تازە و بە پێی ئارایشی تەشکیلاتی ئوسوولی، بە شێوەی گونجاو و لەگەل هەلومەرجی تازە دەچێتە پێش. تکایە لەم بابەتەوە زیاتر تەوزیحمان بو بدە؟**

**وەڵام**: مەعموولەن وەختێك باسی سولحی ئێران و عێراق دەکری زۆر کەس دەس بە جی دەکەونە فیکری چەند و چونی ئیدامەی خەباتی چەکدارانە لە کوردستان. دیارە پرسیارەکان و تەنانەت ئەو ناروشنی‌یانەش کە لە وەها هەلومەرجێکدا لەم بابەتەوە دێتە پێش، ریشەی لە مەوقعییەتێکی واقیعی دایە کە بزووتنەوەی چەکدارانە لە کوردستان تێیدا بە سەر دەبا. یەکەم، بۆچوون و تەسویرێکی سوننەتی و قەدیمی کە وجوودی هەیە، مەوجوودییەتی بزووتنەوەی شۆرشگێرانە لە کوردستان و تەنانەت زۆر جار مەوجوودییەتی حیزبە سیاسی‌یەکانی نیو ئەو بزووتنەوەیەش بە نەفسی ئیمکانی ئیدامە وە یا نەبوونی ئیمکانی ئیدامەی خەباتی چەکدارانە مەربووت دەکاتەوە. لە روانگەی ئەم بۆچوونەوە هەلس و کەوتەکانی ئەم تاکتێکە و رەوشتە خەباتکارانەیە لە عەینی حالدا دەبێتە هەلس و کەوتی کوللی حیزبە سیاسی‌یەکەش، هەر بۆیە پێش ئەوەی بچینە سەر جوابی عەمەلی خۆمان بەم مەسەلەیە، دەبی شێوەی بۆچوونی خۆمان لە بابەت ئەم بزووتنەوەیە و تەفاوەتی لەگەل ئەو بۆچوونە سوننەتی‌یەی کە ئیشارەم پێکرد، باس بکەم.

کۆمەڵە بە تایبەت لە ساڵانی ئەخیردا و دوای کونگرەی پێنجەمی خۆی لە ساڵی ٦٥دا، تێکۆشاوە کە روالەتێکی دیکە لە بەرانبەر روالەتی سوننەتی‌دا لە تێکۆشانی حیزبی سیاسی لە بزووتنەوەی کوردستاندا وە لە بزووتنەوەی شۆرشگێرانەی کوردستان بخاتە بەر چاو، وە بە وەگەر خستنی جەبهە جۆراوجۆرەکانی خەباتی سیاسی و شۆرشگێرانە لە کوردستان ئیدامەی ئەم بزووتنەوەیە بە بەردەوام راگرتنی بزووتنەوەیەکی هەمە لایەنەی سیاسی و ئیقتسادی و نیزامی لە شار و دی، وە بە وەگەر خستنی هەموو زەرفییەتەکانی خەباتی ئیعتیرازی جەماوەری لە کۆمەڵدا تەئمین بکا. کە وایە چ لە نەتیجەی شەری ئێران و عێراق وە یا هەر رووداوێکی دیکەدا خەباتی چەکدارانە تووشی مەحدوودییەت ببی یان نەبی، دەبی بزووتنەوەی کوردستان، بزووتنەی گەلێك هێزی کۆمەلایەتی وە خەبەر هاتوو، لە کرێکارانی چەوساوە وە بگرە هەتا زەحمەتکێشانی فەقیر و مەحروومی لادی، هەتا دەسفرۆشان و دەستەنگانی شاری، هەتا دانیشتوانی گەرەکەکانی حاشیەی شارەکان، هەتا ژنانی حەقخوازی ژیر فشاری سوننەت و نەریتی کونەپەرستانەی ناو کۆمەڵ و قانوونە دژی بەشەری‌یەکانی حکوومەت، هەتا لاوانی تێکۆشەر و موعتەریز، بزووتنەوەی هەموو ئەمانە بی، وە کوردستان ببی بە سەرزەمینێکی مقاومەت کە لە هەر گوشەیەکی‌دا ئیعتیراز و موقاومەت هەلدەقولی و ئەم ولاتە لە سەرکوتگەران و هێزەکانی ورد و درشتی رژیم تەنگەبەر بکەن، وە لە جەرگەی وەها خەباتێك دایە کە بزووتنەوەی چەکدارانەش جێگا و شوێنی خۆی پەیدا دەکا. بە بی ئەم حەرەکەتانە ناکری قسە لە ستراتیژی‌یەکی سەرکەوتوانە بۆ بزووتنەوەی کوردستان بکەین. بۆیە پێش ئەوەی بچینە سەر هەر جوابێك لەسەر چارەنووسی خەباتی چەکدارانە، دەبی ئەم مەسەلەیە روشن بێتەوە کە لیرەدا باس لەسەر ئیدامەی کاری رەوشیکی خەباتکارانە و یەکیك لە تاکتیکەکان و بەشێك لە زەرفییەتەکانی بزووتنەوەی کوردستانە، نەك لەسەر بزووتنەوەیەکی زیندوو کە بەردەوام بوونی ئەم بزووتنەوەیە لە زیندوو بوون و فەعال بوونی ئیعتیراز و موقاومەت لە مەیدانە جۆراوجۆرەکانی کۆمەلایەتی دایە کە بە کورتی ئیشارەم پێکرد. ئەمە یەك.

دووهەم، وەختێك، ١١ ساڵ لەوە پێش، بەرانبەر بە هێرشی نیزامی رژیم بۆ سەر کوردستان لە ٢٨ی موردادی ١٣٥٨دا، بزووتنەوەیەکی چەکدارانە لە کوردستان وەکوو شکلیکی بەرجەستەی موقاومەتی خەڵکێك بەرپا بوو کە حازر نەبون دەسەلاتی کونەپەرستانەی رژیمی ئیسلامی قەبوول بکەن و دەسکەوتەکانی راپەرینی خۆیان پێشکەشی رژیمی حاکم بکەن، وە سەر بۆ تەحقیر و ستەم و بی مافی دانەوینن، ئەو وەختە شەری بەرینی ئێران و عێراق لە کاردا نەبوو، کۆمەڵە، کە لە دەورەی قیامی ٥٧دا باسکی چەکداری خۆی پێك هێنا بوو، ئەم خەباتەی بە کەڵك وەرگرتن لە سوننەتەکانی خەبات کە تا ئەو کات مەوجوود بوون و بە کەڵك وەرگرتن لە زەرفییەتی خەباتکارانە و شۆرشگێرانە لە کوردستان سازمان دا و حەرەکەتی چەکدارانە بوو بە تاکتێکی جەریانی رادیکال و کۆمۆنیستیش لە کوردستان. ئێمە چەکدار بووین، چونکە دوژمنانی ئێمە چەکدار بوون. ئێمە بەرانبەر بە هێرشی نیزامی رژیم بۆ سەر کوردستان ئیعلامی شەرمان کرد چونکە ئەم سیاسەتەی ئێمە لە پشتیوانی‌یەکی جەماوەری لە کۆمەڵی کوردستاندا بەرخوردار بوو.

بە دەسپێکردنی شەری ئێران و عێراق و توند بوونەوەی ناکوکی‌یەکانی نیوان دوو دەوڵەتەکە، بزووتنەوەی کوردستان کەوتە هەلومەرجێکی تازەوە، لە لایەك بە کێشرانی شەر بۆ سنوورەکانی کوردستان و میلیتاریزە بوونی هەرچی زیاتری ئەم سەرزەمینە، موسیبەت و مەینەتەکانی ناشی لەم شەر و میلیتاریزمە کە بە تایبەت دامەنگیری شار و دێهاتی سەرسنوور ببوو، گەلێك مەحدوودییەتی بۆ کوللی فەعالییەتی ئێمە و لەوانە بۆ خەباتی چەکدارانەش بە وجوود هێنا، بەلام لە لایەکی دیکەوە حیزبە چەکدارەکان لە کوردستان لە ئیمکاناتێکی پشت جەبهەیی تازە بۆ هێزی رەزمی خۆیان و دامەزراندنی رادیوکان و هەندیك ئورگانی فەننی و تەشکیلاتی خۆیان بەرخوردار بوون. ئەو هەلومەرجە، هەلومەرجێکی جیاواز بوو کە بۆ کاری ئێمە بە وجوود هاتبوو. ئەو کات ئێمە هەولمان دا ئولگووەکانی و شکلی فەعالییەتی نیزامی خۆمان لەگەل ئەو هەلومەرجە گوردراوە بگونجینین. ئەمرۆش، بە پێشرەفتی سولحی ئێران و عێراق ئەوشتە کە جارێکی‌تر بەرەو رووی دەبین، هەلومەرجێکی تازەیە کە بۆ کاری ئێمە دێتە پێش.

سێهەم، ئێمە ئەرکەکانی خۆمان لە پەیوەند لەگەل خەباتی چەکدارانە و پاراستنی باسکی چەکداری حیزبیمان راستەوخۆ لە رووی ستراتیژی خۆمان بۆ سەرکەوتنی بزووتنەوەی شۆرشگێرانە لە کوردستان و بە لەبەر چاو گرتنی مەرحەلەیەکی تاکتێکی کە تێیداین، دیاری دەکەین. لە نەزەر ئێمەوە، ستراتیژی و ئاسوی سەرکەوتنی بزووتنەوەی کوردستان لەسەر بناغەی کەلك وەرگرتن لە شکاف و کەلینە مەنتەقەیی‌یەکان و کەلك وەر گرتن لە ناکوکی نیوان دەوڵەتەکان دانەنراوە. وجوودی ئەو کەلینانە شەرایەتی کاری ئێمە پێك دێنن کە دەتوانن موسبەت وە یا مەنفی بن. ئەوەی کە لە هەلومەرجی ئێستادا دەتوانی قسەی لە سەر بی میزان و شکل و رەوشتەکانی کاری نیزامی ئێمە دەبی و نەك نەفسی پێویستی و ئەهمییەت و جێگای ئەم خەباتە بۆ ئێمە لە بزووتنەوەی کوردستاندا. ئەوە وەزیفەی ئێمەیە کە بە لەبەر چاو گرتنی شەرایەتی دوای کوتایی پی هاتنی شەری ئێران و عێراق و سولحی ئەم دوو دەوڵەتە تەجدیدی نەزەری پێویست لە چەندایەتی و چونایەتی و لایەنە فەننی‌یەکانی کاری‌ماندا بکەین. تەبیعی‌یە ئەگەر هات و چووی واحیدە نیزامی‌یەکانمان بە سنوورەکانی کوردستاندا لە لایەن دەوڵەتی عێراقەوە چاوپوشی لی نەکری، ئەگەر هێزی نیزامی ئێمە لە ئیمکاناتی پشتی جەبهەیی وەك رابووردوو بەرخوردار نەبی لەو سوورەتەدا روشنە کە بە لەبەر چاو گرتنی ئەوزاع و ئەحوالی سیاسی ئێستا لە کوردستانی عێراق، کاری نیزامی ئێمە دامەنەیەکی مەحدوودتری دەبی بە بی ئەوەی هیچ تەجدیدی نەزەرێك لە ستراتیژیمان دا پێویست بی.

بۆ روشن بوونەوەی زۆرتری ئەم مەسەلەیە پێویستە لەگەل دوو بۆچوونی رایج لە بابەت ئەم مەسەلەیە، سنووری خۆمان جیاکەینەوە، یەکەم، روانگە و بۆچوونێك کە بە دێتنی مەحدوودییەتەکانی ئەمرۆ و بە دیتنی کەم بوونەوەی شکاف و کەلین و ناکوکی‌یەکانی مەنتەقەیی و غەیرە، بەوە دەگا کە بنەماکانی ئەم تاکتیکە خەباتکارانەیەی حیزبی سیاسی لە بزووتنەوەی کوردستاندا رەت کاتەوە و لە هەوەلەوە بە لیکدانەوە و ئینجا بە عەمەل جەریانی کارگەری و کۆمۆنیستی لەو ئیمکانات و زەرفییەتانە کە بە چوونە ناو ئەم مەیدانە خەباتکارانەیە وەدەستی هێناوە، مەحرووم بکا، بە لاقەیدی و کەمتەرخەمی لەسەر هەموو ئەو سوننەتە بەنرخانە کە لەم مەیدانەدا بۆ کۆمەڵە و بۆ کرێکارانی کوردستان لە بەرابەر بورژوازی سەراسەری و محەللی دا، بۆ دیفاع لە مافەکانی خەڵکی زەحمەتکێش و تەئسیر دانان لەسەر بزووتنەوەی سیاسی و ئیعتیرازی لە کوردستان بەوجوود هاتوون دەگوزەری و بە حەرەکەت لە موشاهەداتی مەحدوودی ئەمرۆوە، خۆی لەبەرانبەر زەرفییەتە بل فعل و تەنانەت بالقوەکانی ئێستای خەباتی چەکدارانەدا بی‌وەزیفە دەکا.

دووهەم، بۆچوونێك کە تەئسیری هەلومەرجی سیاسی و عەمەلی مەنتەقەیی لە سەر کاری نیزامیان بە کەم دەگری، هویەکانی پێك هێنەری مەحدوودییەت لەم زەمینەیەدا لە لای خۆی تەخفیف دەدا، وە لە جیاتی چارەجۆیی واقیع بینانە و عەمەلی "رێگا چارەی" ئەساسەن ئیرادە گەرایانە دەێنێتە گۆر، ئەم بۆچوونەش، لەبەر ئەوەی لە عەمەل دا بە هیچ جێگایەك ناگا، عەمەلەن ئێمە لە بەرەوپێش بردنی تەرحی واقیعی و عەمەلی و کەلك وەرگرتنی وشیارانە لە ئیمکاناتی مەوجوود، مەحرووم دەکا. بەلگەکانی کونگرەی ٦ی کۆمەڵە کە زیاتر لە دوو ساڵ لەوەپێش و پێش تەواو بوونی شەری ئێران و عێراق پەسند کراون لەگەل هەرتك ئەم بۆچوونانە کە باسم کردن، فاسلەیان هەیە. حوکمەکانی ئەم سەنەدانە بۆ ئێمە مەعتەبەرن و بە پێی ئەوانە عەمەل دەکەین. ئیدامەی خەباتی چەکدارانە بە شکلی ئێستا، یان پاراستنی هێزی چەکداری کۆمەڵە لە هەلومەرجی ناموساعیدتردا، وە یا لە خراپترین حالەت دا فەراهەم کردنی ئیمکانات بۆ سەرلە نوی سازمان دانەوەی ئەو خەباتە، لە بەرنامەی کاری ئێمە دایە.

بە پێی ئەم سیاسەتە لە بابەت نەفسی ئیمکانی عەمەلی بەرەوپێش بردنی ئەم تاکتیکە خەباتکارانەیە لەهەر مەقتەعێکی زەمانی‌دا وە لە بابەت حەجم و چەندایەتی و شکلەکانی لەهەر دەورەیەك دا، بە شێوەی موشەخەس بە پێی توانایی‌یە عەمەلی‌یەکانمان تەسمیم دەگرین.

**پرسیار: هاوری ئیبراهیم! ئایا هەلومەرجی تازە تەئسیریکی لە سەر موناسەباتی ئێمە لەگەل حیزبە سیاسی‌یەکانی موخالیفی رژیم لە کوردستان و بە تایبەت دووبەشەکەی حیزبی دیموکرات کوردستانی ئێران داناوە؟ لە هەر حالدا سەرخەتە ئەسلی‌یەکانی سیاسەتی ئێمە لەم بارەوە چیە؟**

**وەڵام**: پێش هەموو شتێك پێویستە ئەوە بڵێم کە خەبات بۆ لابردنی ستەمی میللی، ئەمری هاوبەشی رەسمەن قەبوول کراوی هەموو حیزبە سیاسی‌یەکانی کوردستانە لە بەرانبەر رژیمی مەرکەزیدا، تا ئەو جێگایەی بە کۆمەڵە مەربووت دەبی، خەباتی ئێمە بۆ بەهێز کردن و پتەو کردنی گەرایشی سوسیالیستی لە خەباتی خەڵکی زەحمەتکێش لە کوردستاندا نە تەنیا توانایی‌یەکانی بزووتنەوەی گشتی لە کوردستان لەسەر ئەو مەسەلەیە لاواز ناکا، بەڵکوو بە پێچەوانە، زال بوونی گەرایشی سوسیالیستی لە کۆمەڵی کوردستاندا ئەمرۆ بووەتە تاقە ئومیدی روشن لە خەبات دا بۆ نەهیشتنی ستەمی میللی، لەبەر ئەوە بە بی شك سەقامگرتنی ریبازی کۆمۆنیزمی کارگەری لە کۆمەڵەدا، دەبێتە هوی ئەوە کە کۆمەڵە مەسئوولییەتەکانی خۆی لە حاست شۆرشی کوردستان و لەوانە لە حاست مەسەلەی میللی‌ش، بە پەیگگیری‌یەکی زیاترەوە بەریوە بەری. پاش ئەم تەوزیحە، سەبارەت بە موناسەباتی ئێمە لەگەل حیزبە سیاسی‌یەکان لە کوردستان، دەبی ئەوە بڵێم کە ئوسوولی سیاسەتی ئێمە لەم بارەوە روشنە.

تا ئەو جیگایەی دەگەرێتەوە بو کوتایی پی هاتنی تێك هەڵچوونەکان و ئالوزی نیوان ئێمە و حیزبی دیموکرات، لەگەل حیزبی دیموکرات _ ریبەرایەتی شۆرشگێر_ هەر لە سەرەتای شکل گرتنی ئەم جیا بوونەوەیە لە نیو حیزبی دیموکرات دا، نەك هەر ئالوزی و شەری چەند ساڵە کوتایی پی هاتوە بەڵکوو رابیتەیەکی عەمەلەن نزیکتریش بەرقەرار بووە و، بەرقەراری ئەم موناسەباتەش

به هیچ شێوەیەك بەری بە تەبلیغ و پەی گرتنی سیاسەتە ئوسوولی‌یەکانی کۆمەڵە لە زەمینەی خەبات بەرانبەر بە بیر و باوەر و شێوە و سوننەتەکانی بورژوا ناسیونالیستی لە کۆمەڵی کوردستاندا، نەگرتوە و ئێمە لەم بابەتەوە کاری خۆمان کردوە و دەیکەین.

لە نەزەر ئێمەوە، حیزبە سیاسی‌یەکانی موخالیفی رژیم لە کوردستان و لەوانە حیزبی دیموکرات ئەگەر پەیوەندیکی هیمنانەیان لەگەل کۆمەڵە هەبی و بەهەر دەرەجەیەك لە حاست داخوازە دیموکراتیکەکان و داخوازە کرێکاری‌یەکان هەڵویستی تائید ئامیز بگرن بە هەمان دەرەجە، دەکری ئەم موناسەباتە بپاریزری و درێژەی پی بدری هەروەها لە زەمینەی مەسەلەکانی تایبەت تری بزووتنەوەی کوردستاندا لە حاست مەسەلەی میللی، تەنانەت هاوکاری دیاریکراو موفید و رەنگە هەندیك جار زەروریش بی. لەگەل بەشەکەی تری حیزبی دیموکراتیش، پاش بەرقەراری ئاگر بەسیك کە ئیتر ئەمرۆ لە لایەن ئەوانیشەوە رەسمەن قەبوول کراوە، هەر ئەو ئوسوولەی لە سەرەوە ئیشارەم پێکرد دەتوانی بەسەر موناسەباتی ئێمەدا حاکم بی.

دەنگی شۆرشی ئێران: هاوری ئیبراهیم! پرسیارەکانی ئێمە لیرەدا تەواو بوون. ئەگەر مەسەلەیەکی دیکە هەیە کە لە نەزەر خۆتانەوە ئیشارە پێکردنی پێویستە تکایە لە کوتایی ئەم گفت و گویەدا لەگەل گویگرەکانی دەنگی شۆرشی ئێران باسی بکە.

هاوری ئیبراهیم عەلیزادە: بە سپاسەوە لەم فورسەتە کەڵك وەر دەگرم و بە چەند خال بە تایبەت روو لە هاورییانی تێکۆشەری حیزبی لە شارەکان و دێهاتی کوردستان، ئیشارە دەکەم:

هاورییان! ئەو واقعییەتەی کە ئیمکانی بە کۆمەڵە داوە وەکوو جەریانێکی کۆمۆنیستی لە جامعەی کوردستاندا بمێنێتەوە، فشاری جەریاناتی کۆمەلایەتی سوننەتی پووچەل بکاتەوە، لە بەرانبەر هێرشی نیزامی جمهووری ئیسلامی‌دا بە سەبەرزی‌یەوە موقاومەتی چەکدارانە بۆ ساڵەها درێژە پی‌بدا، نەقشە جەنگی‌یەکانی بورژوازی محەللی لە دژی خۆی پووچەل بکاتەوە و تووشی شکستیان بکا، سەرەرای شەپولی ئیعدام و سەرکوتی پولیسی تێکۆشانی تەشکیلاتی خۆی لە شارەکان لە جەرگەی خەباتی کرێکاران و زەحمەتکێشان دا زیندوو رابگری، پیلانی جۆراوجۆر و رووداوی دژوار لە سەر بگوزەرینی، هەمووی ئەوانە لەو واقعییەتە سەرچاوە دەگرن کە کۆمەڵە وەك بەشێك لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، خەباتی خۆی بە ئارەزووەکان و ئامانج و خەباتی چینیکی کۆمەلایەتی بۆ رزگاری بە خەباتی چینی کرێکار، مەربووت کردوەتەوە. چینیك کە مەوجوودییەتی لە جامعەی کوردستاندا عەینی و خەباتەکەی زیندوو و توانا بەخشە. بەڵام بە هەمووی ئەوانەوە ئەمرۆ قسەی ئێمە ئەوەیە کە کۆمەڵە دەبی بە دەخالەتی هەلسووراوانە و راستەوخۆی کرێکاران لە تەشکیلاتێکی موفید و نزیك و پشت بەستوو بە کرێکارانەوە و موعتەریز وەك وەسیلەی نیشاندانی وجوودی ریکخراوی خۆیان لە کێشە چینایەتی‌یەکانی ئەمرۆ و سبەینی ئەو جامعەیەدا بە کاری بینن.

ئێمە دەمانەوەی بەشێکی جیا نەکراوە لە جەم و جوول و خەباتی رۆژانەی چینی کرێکار بۆ باشتر کردنی هەلومەرجی ژیانی بین و لە وەها مەوقعییەت و جیگایەکەوە کوللی ئەو چینە بۆ بە دەستەوە گرتنی دەور و نەقش لە ئەمری رزگاری خۆیدا لە چنگ کاری کری گرتە و چەوساندنەوەی سەرمایەداری ئامادە بکەین. ئێمە دەمانەوەی چینی کرێکار وەك هێزێکی سەبەرخۆ لە مەیدانی کوللی خەباتی سیاسیدا رێکخراو بەهێز، خۆی نیشان بدا و وەك چینیك کە دەیەوی ببی بە رابەر و بەریوە بەری کۆمەڵ، بۆ دەخالەتی کاریگەر و چارەنووس ساز لە هەموو مەیدانەکانی خەباتی سیاسی لە کۆمەڵدا ئامادەیی پێویست بە دەست بینی.

پیشرەفتی سەرکەوتوانەی وەها حەرەکەتێك پێویستی بە پەروەردە بوونی کادر و رابەرانێکی شۆرشگێر و رەزمەندە لە جەرگەی خەباتی کرێکاراندا هەیە. کاری ئێمە لە کوردستان دەبی چوارچێوەیەکی قایم لە کۆمەڵێك ئینسانی شۆرشگێر و سوسیالیست و یەکگرتوو و هاونەزەر کە رابەری خەباتی رۆژانەی کرێکاران و کۆمەلانی زەحمەتکێش و نوینەری قازانج و ئامانجی دریژ ماوە و ستراتیژیکی ئەوان لەو خەباتەدا و لە کۆمەڵدان پی: بینی

دەرەجەی پێشرەفتی ئێمە لە وەدی هێنانی وەها هەدەفیك دایە کە بە جەریانی ئێمە ئیمکان دەدا کە لە تەوازونی قوای موساعید لەهەر کاتێك دا وە بە تایبەت لە دەورەی شیددەت پەیدا کردنی بوحرانی سیاسی و لە دەورەی شۆرشگێرانەدا بتوانی بە ئەرکەکانی خۆی عەمەل بکا و ئیمکانی ئەوە نەهێلێتەوە کە شیعارەکان و داخوازەکان و هەدەفی کارگەران بکەوێتە ژێر شەپولی هەڵچوون و حەرەکەتی و چینەکانی دیکە.

ئێمە بە داهاتووی کاری خۆمان ئومیدەوارین و ئەو ئومیدەواری‌یە لە وجوودی عەینی چینیك وەردەگرین کە دەستە خولقینەرەکانی، بەرهەم هێنەری هەموو نیعمەتەکانی ئەمرۆ و فراوانیەکانی کۆمەڵگای سبەینینی.

***

# بەیانییەی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە سەبارەت بە قەبوولی ئاگربس لە لایەن حیزبی دیموکراتی کوردستانی ئێرانەوە

کرێکاران!
کۆمەلانی خەلکی تێکۆشەری کوردستان!

سەرەنجام پاش نزیك بە ٦ ساڵ پی داگرتنی حیزبی دیموکرات لەسەر درێژەی شەر لەگەل کۆمەڵە و زیاتر لە دوو ساڵ دوای راگەیاندنی ئاگر بەسی یەك لایەنە لە لایەن ئێمەوە بەریوەبەرایەتی حیزبی دیموکرات لە تاریخی ١٧ی گولانی ئەو ساڵدا، رایگەیاند کە شەر لەگەل کۆمەڵە درێژە پی نادات.

شەرێك کە ئەمرۆ حیزبی دیموکرات کوتایی پی هێنانی بە رەسمی قەبوول دەکات لە ٢٥ی خەزەلوەری ساڵی ١٣٦٣وە دەستی پێکرد و سەنەد و بەڵگە و شەواهیدی زیندوو و حاشا هەڵنەگری ئەم دەورەیە بێگومان بە حیزبی دیموکرات ئیجازە نادات کە پەردەی ئیبهام و ناروشنی بکێشێتە سەر واقعییەتی رووداوەکانی ئەم دەورەیە. لەم رۆژەدا بوو کە حیزبی دیموکرات هێرشێکی گەلالە کراوی کردە سەر بنکەکانی کۆمەڵە لە ناوچەی هەورامان و لە ئاکامی کارەساتێکی جینایەتکارانەدا ژمارەیەك لە هاورییانی ئێمە بە دەستی حیزبی دیموکرات گیانیان بەخت کرد.

هێرشی حیزبی دیموکرات بۆسەر بنکەکانی کۆمەڵە لە هەورامان لە واقیع دا بەرێوەبردنی سیاسەتێك بوو کە بە شوێن دەورەیەك موزاحەمەت و بەرد خستنە سەر رێگای فەعالییەتی کۆمەڵە، چەند مانگ پێشتر لە پلینومی کومیتەی مەرکەزی ئەو حیزبەدا چوارچێوەکەی دیاری کرابوو و رەهبەری حیزبی دیموکرات هەر تەنیا لە هەولی پەیدا کردنی زەمان و مەکانی لەبار بۆ جێبەجێ کردنی ئەو سیاسەتەدا بوو. هەر بۆیەش هەموو هەول و تەقالای کۆمەڵە بۆ بەرگری لە پەرەگرتنی ئەو شەرە لە رێگای هێمنانە و گفت و گووە بی نەتیجە مایەوە و بە بن بەست گەیشت. کۆمەڵە لەگەل ئەوەش دا کە وەلامی چەکدارانە بە دەست دریژی‌یەکانی حیزبی دیموکراتی به هەقی بی ئەم لا و ئەو لای خۆی دەزانی و لە کاتی خۆشی‌دا جوابی موناسبی بە دەست درێژی‌یەکانی حیزبی دیموکرات بۆسەر هێزی پێشمەرگە و هەڵسوورانی سیاسی و تەجاوز بە مافەکانی خەلکی زەحمەتکێش دایەوە، بە درێژایی ئەم چەند ساڵەش هەرگیز وازی لە شوێن گرتنی رێگای هێمنانە بۆ تەرح کردن و پێش بردنی ناکوکی‌یەکانی خۆی لەگەل حیزبی دیموکرات بە گشتی و بۆ کوتایی هێنانی شەر بە تایبەتی، نەهێنا.

ئەگەر هەست بە مەسئوولییەت کردنی کۆمەڵە بۆ پاراستنی مەسلەحەت و بەرژەوەندی بزووتنەوەی خەلکی کوردستان لە دژی جمهووری ئیسلامی هۆی ئەسلی سەبر و تەحەمولی کۆمەڵە و هۆی ئەسلی پی گیری رێگای هێمنانە بۆ بەرگری لە پەرەگرتنی ئەو شەرە بوو، بە پێچەوانە حیزبی دیموکرات لە هیچ ئیقدامێك بۆ بە بن بەست گەیاندنی ئەم هەول و تەقالایەی ئێمە کۆتایی نەکردوە.

شەرێك کە حیزبی دیموکرات هەلی گیرساند و نزیك بە ٦ ساڵ سەرەرای دەربرینی بیزاری و نەفرەت لە لایەن کۆمەلانی خەلکی زەحمەتکێشەوە لەسەر ئیدامەی ئەو شەرە پێی‌داگرت، پەلەقاژەی جەریانێکی بورژوایی و ناسیونالیستی بوو کە بە حوکمی ئاڵ و گۆرە کۆمەلایەتی‌یەکانی ناو جامیعەی کوردستان دەمیك بوو رەوتی زەوال و لاواز بوونی دەستی پێکردبوو و هەرچی زەمان دەگوزەرا زۆرتر بێگانە بوون و بی رەبت بوونی سیاسەت و شیعار و کردەوەی سیاسی و رەوشتەکانی لەگەل مەسەلە واقیعی‌یەکانی ناو کۆمەڵی کوردستان ئاشکرا دەبوو. حیزبی دیموکرات کە نەی دەتوانی یا نەی دەویست ئاڵ و گۆرەکانی چەند دە ساڵەی دوایی لە سەخنەی کوردستان و لە سەرووی هەموانەوە رەوتی گەشە کردنی چینی کرێکار و پەرەگرتنی جەریانی رادیکالی سوسیالیستی لە ناو کۆمەڵگای کوردستان دا ببینی، تێدەکوشا بەڵکوو بە کەلك وەرگرتن لە ئاخرین حەربەی خۆی یانی بەکار هێنانی هەموو زەرفییەت و توانایی‌یەکانی هێزی چەکداری لە شەرێکی سەراسەری‌دا لە دژی کۆمەڵە، مەوقعییەتی لەدەست چووی خۆی سەر لە نوی بەدەست بێنێتەوە، بە زەربە لیدان لە کۆمەڵە و کردەوەی زیددی دیموکراتێك و بلاو کردنەوەی تووی ترس و نێگەرانی رێگای هاتنە مەیدانی مبارزەی سیاسی لە کۆمەلانی کرێکار و زەحمەتکێش بگری و مەودای فەعالییەتی سوسیالیستی لە کوردستان بەرتەسك کاتەوە، دژایەتی لەگەل کۆمۆنیزم بکات بە وەسیلەی بەدەست هێنانی ئیعتیبار لە لای بورژوازی و ئیمپریالستەکان کە خۆیان بۆ شکل پیدان بە ئایەندەی حاکمییەتی سیاسی لە ئێران ئامادە دەکرد، رێگای سات و سەودا لەگەل جمهووری ئیسلامی ئاوالە رابگری و قابلییەتەکانی خۆی بۆ زەربە لیدان لە کۆمەڵە بێنێتە پای موعامەلە لەگەل ئەو رژیمە. هەدەفی کۆمەڵە لەم شەرەدا ناکام هێشتنەوە و بە شکست کێشانی هێرشی نیزامی بۆ سەر هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە، دیفاع لە فەعالییەتی کۆمۆنیستی لە کوردستان، دیفاع لە ئازادی تێکۆشانی سیاسی و دیفاع لە مافەکانی خەلکی زەحمەتکێش بوو.

حیزبی دیموکرات لەو ماوەیەدا نە تەنیا لە مەیدانی شەر و رووبەرووییەکانی راستەوخۆی نیزامی‌دا سەرکەوتنێکی بەدەست نەهێنا و بگرە بە تەواوی ناکام مایەوە و لە مەیدانی موبارزەی سیاسی‌دا لەسەر مەسەلەکانی مەربووت بەو شەرە و بە تایبەت بە هێنانی کۆمەڵێك شەرت و شرووت کە ئەمرۆ دەستی لی هەلگرتوون، بە تەواوی بە تاق کەوتەوە، بەڵکوو لەوانە گرینگتر لەم دەورەیەدا ئەو ئیمکانە زیاتر لە هەمیشە پەیدا بوو کە روالەتی راستەقینەی دژی کۆمۆنیستی و دژی کرێکاری‌ی حیزبی دیموکرات لە ناو جامیعەی کوردستان دا زیاتر لە هەمیشە بناسری و ریاکاری و دوو روویی بەرێوەبەرانی ئەو حیزبە کە لە تەواوی ئەو ماوەیەدا کە لەسەر درێژەی شەر لەگەل کۆمەڵە پێیان دادەگرت، خەریکی تەقالایەکی بی سەمەر بۆ نزیك بوونەوە لە رژیمی جمهووری ئیسلامی بوون، ئاشکراتر لە هەمیشە بناسری.

موبارەزەی سەرکەوتوانە بۆ بەشکست کێشانی نەقشە و سیاسەتەکانی حیزبی دیموکرات حاسلی سیاسەتی روشنی کۆمۆنیستی، خەباتێکی پێگیرانە و ماندوویی نەناسانە و خۆ راگری و لەخوبوردوویی بی وینەی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە و پشتیوانی و پشت گەرمی گەرم و گوری کۆمەلانی کرێکار و زەحمەتکێش لە کوردستان بوو وە ئەمرۆ قەبوولی ئاگر بەسی رەسمی لەلایەن حیزبی دیموکراتەوە سەنگەرێکی دیکەیە لەو موبارزەیەدا کە بەدەست هاتووە. بە عیبارەتێکی دیکە ئەوە لە واقیع دا قەبوولی رەسمی شکستی سیاسەتی شەرخوازانەی حیزبی دیموکراتە کە لە چەند ساڵی رابوردوودا لە لایەن بەرێوەبەرایەتی ئەو حیزبەوە پێی لە سەر داگیراوە.

ئێمە هەر وەکوو لە لەبەیانیەی ٣ی گولانی ساڵی ١٣٦٧دا رامان گەیاند، ئەمروش بۆ جاریکی‌تر رای دەگەیەنینەوە کە مادام حیزبی دیموکرات هێرشی چەکدارانە نەکاتە سەر کۆمەڵە و بە زۆری چەك مانعیك لەسەر رێگای فەعالییەتی سیاسی کرێکاران و زەحمەتکێشانی کوردستان پێك نەهێنی، کۆمەڵەش لە دژی حیزبی دیموکرات دەست بۆ چەك نابات. لەهەمان کات دا ئاشکرایە کە دیفاع لە خۆی بەرانبەر بە هەر هێرشێکی چەکدرانەش بە هەقی بی ئەم لا و ئەو لای خۆی دەزانی.

کومیتەی ناوەندی سازمانی کوردستانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران (کۆمەڵە)
٢٤ی گولانی ١٣٦٩

***

# پاشماوەی گورینی‌ی ئەشکیلاتی کۆمەله رێکخستنی تەشکیلاتی کرێکاری بە لقی نیزامی‌یەوە

له روالەت دا و ویدەچی ئارایشی تا ئێستای کۆمەڵە گرینگی‌یەکی زیاتری بە باشتر بوونی هەڵسوورانی نیزامی ئێمە دابی کەچی واقعییەت و لیهاتوویی‌یە نیزامی‌یەکانی ئێمە لەچەند ساڵی رابوردوودا لە رادەی جۆراوجۆردا پێشرەفتی جیددی و بەرچاوی کردوە و لە چاو جاران زۆر باشتر بووە. بەڵام رەوت و رادەی ئەم پێشرەفتە و باشتر بوونە هەمیشە بەهۆی دەور و نەقشی جۆراوجۆری هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە لە سیستمی پێشوودا (هێزی نیزامی، سازماندەر، جەماوەری، رابەری عەمەلی و...) بەر تەسك بووەتەوە. زۆر جار سازماندران و هەڵسووراوانی نیزامی بە پێی نورم و ئیستانداردی حیرفەیی وەك دیاردەیەکی ناپەسند، غەیرە سیاسی، و نیزامی گەرایانە نەفی کراوەتەوە. کۆمەڵە سەرەرای دینایەك هەڵسووران و تەجرەبەی عەینی لەم زەمینەیەدا هیشتا نەیتوانیوە کەسانی ستراتیژیستی بەمانای واقیعی وشە بخاتە روو. زانستی تئوریکی نیزامی لەنیو پلە جۆراوجۆرەکانی فەرماندەکانی ئێمەدا لە ئاستێکی زۆر نزم دایە. هێشتا ئێمە ناتوانین لە ماوەیەکی دیاری کراودا دەورەی خویندن و فیر بوونی فەرماندەکانی پلە جۆاروجۆرەکان لە ئاموزشگاکانی خۆمان بە تەواوی بەریوە بەرین چونکە ئەسلەکانی رابەری و تاکتیکەکانی واحیدە جۆراوجۆرەکانمان هیشتاش بە نەنووسراوی ماونەوە و فەرماندەکانی ئێمە دەبی هەر وەك وەستا کارەکانی کارگاکانی پێشەوەری لە شاگردیەوە بگەنە وستایی و لەسەر بازی‌یەوە بگەنە سەرداری و ... هەموو ئەمانە لە لایەکەوە بە مانای ئالوز و پێچیدە بوونی ئولگووی هەڵسوورانی نیزامی ئێمە (پێشمەرگەی هەمە کارە)یە و لە لایەکی تریشەوە بە مانای برشتی ئەم ئولگووەیە، لە لایەکەوە کارایی هێزی نیزامی‌مان کەم دەکاتەوە و لە لایەکی دیکەشەوە پێشمەرگایەتی کۆمەڵە دەکاتە کاریکی زۆر گران و ئاستەم ژمارەی ئەو کەسانە کە توانایی بوون بە پێشمەرگەی کۆمەڵە لە خۆیاندا دەبینن کەم دەکاتەوە و بەم جۆرە لە رادەی بەرین بوونەوە و پەرەسەندنی تەشکیلاتی نیزامی کەم دەکاتەوە. گورانی ئەم وەزعە هەم کارایی و لیهاتوویی نیزامی‌مان دەباتە سەر و هەم ئولگووی پێشمەرگەی کۆمەڵە بوون لە باری سەخت و ئاستەم بوونیەوە دەگوری. یانی پێشمەرگەی کۆمەڵە بوون دەکاتە کاریکی هاسان و دەرفەتیکی زۆر لەبارتر بۆ بەرین بوونەوەی هێزی نیزامی‌مان دەخولقینی.

سەرماوەزی ١٣٦٨

ئەم نووسراوەیە لە پێشدا لە "پیشرو" ژمارەی ١٩دا بە فارسی چاپ کراوە.

***

دەورەی دووهەم ژمارەی ٣٧ رەزبەری _١٣٦٩ ئۆکتوبری _ ١٩٩٠

پێشڕەو

# بەریز بی یادی هاوری سدیق کمانگر



نیوی هاوری سدیقی کمانگر نیویکی ناسراوە. هاوری سدیق یەکیك لە خوشەویست ترین رابەرانی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێشی کوردستان و بزووتنەوی شۆرشگێرانەی کوردستان بوو. هاوری سدیق، تێکۆشەری لە مێژینەی رێگای رزگاری کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکێش بیست ساڵ پێش بە ریزی کۆمەڵە پەیوەست بوو و لە بزووتنەوەی جەماوەری ساڵی ١٣٥٧دا لە دژی رژیمی شا، یەکیك لە رابەرانی کارامە و لیهاتووی خەڵکی جنووبی کوردستان بوو. کونەپەرستی و کونەپەرستانی محەللی هەوڵ و تەقالایەکی زۆریان بەکار برد تا جی پی‌یەك لە جنووبی کوردستاندا بۆ خۆیان بکەنەوە بەڵام هاوری سدیق و هاورییانی لە کۆمەڵەدا، بە رابەری رادیکال و شۆرشگێرانەی خۆیان مانعی ئەوە بوون کە کونەپەرستی‌ی مەزهەبی حاسلی خەباتی خەڵکی کوردستان برفینی و بە قازانجی خۆی کەڵکی لی وەرگری. بانگەوازەکانی هاوری سدیق و هاورییانی لە لایەن خەڵکی راپەریوەوە بە گەرم و گوری وەرگیرا و دەور و نەقشی شۆرشگێرانەی هاوری سدیق و هاورییانی بووە هۆی ئەوەی کە هەر لە رۆژانی هەوەلی پێش قیامەوە لە کوردستان جەناحیکی رادیکال و شۆرشگێر بەرانبەر بە کونەپەرستی و ئیرتجاع شکل بگری و ریز ببەستی.

هاوری سدیق و هاورییانی کە لە رۆژانی قیام دا لە ریزی پیشەوەی خەبات و ئیعتیرازی خەڵکی شۆرشگێری کوردستاندا بوون و ئەم خەبات و ئیعتیرازەیان رابەری دەکرد، پاش بە دەسەڵات گەیشتنی جمهووری ئیسلامیش درێژە دەری خەباتی شۆرشگێرانە لە دژی رژیمی تازە بوون. لە رووداوەکانی "نەوروزی خویناوی"دا هاری سدیق کمانگر وەك رابەر و بەریوەبەری شوورا شۆرشگێرەکانی شاری سنە، قیامی قارەمانانەی خەڵکی تێکۆشەر و ئازادیخوازی لە دژی هێزە سەرکوتگەرەکانی جمهووری ئیسلامی رابەری کرد.

هاوری سدیق خۆشەویستی کرێکاران و زەحمەتکێشان بوو و قسەکانی هەمیشە شوور و شەوقیکی حەقخوازانە و عەدالەتخوازانەی لە دلیاندا هەڵدەگرساند.

هاوری سدیق کمانگر، "سخنگو" ی شووراکان و خەڵکی شاری سنە، سازماندەری مانگرتن و تەحەسونی یەك مانگەی شاری سنە بەرانبەر بە جمهووری ئیسالمی، پاش لەشکرکیشی رژیم بۆ سەر کوردستان و سازماندانی شەری شۆرشگێرانە لە لایەن کۆمەڵەوە، بووە یەکیك لە رابەرانی لیهاتووی ئەم مەیدانە لە خەباتی کرێکاران و خەڵکی زەحمەتکیشی کوردستان لە دژی جمهووری ئیسلامی.

هاوری سدیق کمانگر لە کونگرەی دامەزرینەری حیزب کۆمۆنیستی ئێراندا بەشدار بوو. پاش پێك هاتنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران، تا دواهەناسەی ژیانی پر لە شانازی‌ی، ئەندامی کومیتەی ناوەندی حیزبی و ئەندامی کومیتەی ناوەندی کۆمەڵە بوو. هەروەها، هاوری سدیق زۆر مەسئوولییەتی تەشکیلاتی و حیزبی‌ی لەسەر شان بوو و کاتی گیان بەخت کردن مەسئوولی دەنگی شۆرشی ئێران بوو.

چەند سەعات لە نیوە شەوی ١٣ی خەرمانانی ساڵی رابوردوو تێپەریبوو کە خەیانەتکارێکی بەکریگیراوی جمهووری ئیسلامی، لە تاریکی شەودا هاوری سدیقی دایە بەر دەسریژ. هاوری سدیق غەرقی خوین بوو و دلی لە لیدان کەوت، دەنگیك کە تا دوا هەناسە بە زمانی دەرد و رەنجی کرێکار و زەحمەتکێش دوا بوو و ئەوانی بۆ خەبات لە دژی ستەم و چەوسانەوە بانگەواز کردبوو، خاموش بوو.

هەوالی تیرۆری جینایەتکارانەی هاوری سدیق کمانگر، خەم و پەژارە و توورەیی‌یەکی قوولی لە نیو خەڵکی کوردستاندا پێك هێنا. لەشاری سنە، شاریك کە هاوری سدیق رۆژانی قیام و جەژنی زەحمەتکێشان رابەری‌ی کردبوون و ببووە "سخنگو"ی شووراکانیان هەزاران کەس لە خەڵکی ئەم شارە و شارەکانی کامیاران و قروە و کرماشان و دیواندەرە لە مەراسمە جۆراوجۆرەکاندا کە بۆ ریز گرتن لە یادی ئازیزی هاوری سدیق بەرپا کرابوو بەشداری‌یان کرد و ویرای ریزگرتن لە یادی ئازیزی و ریز گرتن لەو ئارمان و خەباتەی کە هاوری سدیق وەبیر هێنەرەوەی بوو، پەیمانیان تازە کردەوە.

بەرێز بی یادی ئازیزی هاوری سدیق کمانگر

***

# بە یادی هاوری غلام کشاورز



ساڵیك لەوە پیش کاتیك هاوری غلام کشاورز بۆ دیدار تازە کردنەوە لەگەل دایکی کە یەکیك لە ئازیزترین کەسانی ژیانی بوو چوو بووە قبرس، لەبەرچاوی دیاك و برا و هاوسەری، لە لایەن جینایەتکارانی حیرفەیی جمهووری ئیسلامی‌یەوە تەقەی لیکرا و چەند سەعات دواتر گیانی لەدەست دا.

هاوری غلام لەگەل ژیان و خەباتی زەحمەتکیشان و لەگەل ئینسانە زەحمەتکیشەکان پەیوەندیکی ریشەداری هەبوو کە لە نەتیجەی عەشقیکی بی ئەو پەردا پێك هاتبوو، عەشقی بی ئەوپەر بە خانەوادەیەك کە خۆی لە داوینی‌دا گەورە ببوو، تامی تالی هەژاری و بی بەشی خەڵکی زەحمەتکێشی تێدا چەشتبوو و ژیانی خۆی نابووە پێناو ئامانجی رزگاری کۆمەڵایەتی‌یانەوە. یادداشتەکانی دەفتەری رۆژانەی هاوری غلام خۆی قسە دەکا و ئێمە لیرەدا چەند خەتی بە نموونە دێنێینەوە:

"ئێستا سەعات چواری رێکە، چواری ئێوارە. بەلام سەعات چواری ئیوارەی رۆژی ١٣٦٢/٨/٢٨، لە چادرەکەم دا بە دژواری دەتوانم بنوسم.... هەواڵەکان خەبەر لە رووداوی وا دەدەن کە هەرگیز لەبیر ناچنەوە. بە تایبەت بەشێك لەو هەواڵانە جاری وایە هێندە دلتەزینن کە تا ناخی جەرگی ئینسان هەڵدەقرچێنن. دلی توند توند دەگوشن فرمیسك دەزێننە چاوی و چیتان لی بشارمەوە ناچاری دەکەن چەندین سەعات دور لە چاوی کەسانی‌تر و لەژیر پەتوو دا، یانی تەنیا جیگایەك کە دوور لە چاوی کەسانی‌تر دەکری هەنیسك بدا، بگری. بەلی گەرچی رەنگە هیندێك سەیر بنوینی و تەنانەت خۆشم پێم سەیرە بەلام هەواڵ و رووداوەکانی ئەم ٥٠ رۆژە ئاوا بوون: یەکەمیان هەواڵی قەتعی و دەقیقی ئیعدام کرانی هاورییانم جوادی قائدی و منیر هاشمی بوو لە گەلاویژی ١٣٦٢دا. دووهەمیشیان هەواڵی مەرگی زەحمەتکیشی شەریف و بۆ من زۆر ئازیز باوکم بوو. لە کات و هۆی مردنی هیچ نازانم و ئەمە لە هەموو شتێك زیاترم نارەحەت دەکا. لە حالێکدا بە تەمای هاتن بۆ دیداری من بوو، نازانم ئایا لەبەر نەخۆشی، دەستەنگی کیشە و تیك هەڵچوونی محەللی بوو مرد یان لە تەسادوفی ماشین دا... بۆ کەسێك کە لە دوورەوە بروانی یان بە شێوەی گشتی ئەم مەسەلە و پەیوەندانە هەڵسەنگینی، ئەگەر تەنانەت بە گشتی هێندیك منیش بناسی، سەیر و تا رادەیەك مەسخەرەیە."

هاوری غلام ساڵی ١٣٣٤ لە ئاوایی "نارەك" سەر بە شاری "دووگوبنەدان" لە دایك بوو. چەشتن و هەست پی کردنی هەموو رۆژەی برسیەتی و دەستەنگی خانەوادە و ئینسانە هاوچینەکانی کە خۆی لە نیویان دا دەژیا و هەروەها مەیلی یەکجار زۆری بە کتێب خویندنەوە زۆر زوو لەگەل ئەدەبییاتی موعتەریزی کوتایی ساڵانی چل و سەرەتای ساڵانی ٥٠ ئاشنای کرد. پێك هێنانی کوریکی چکولە بۆ ئیقدامی شۆرشگێرانە لە دژی وەزعییەتی مەوجوود لە ساڵەکانی ٥٢ و ٥٣دا، یەکەمین هەنگاوی بوو لە رێگایەك دا کە سەرەنجام گەیشتە ئارمانخوازی‌ی بەرزی کۆمۆنیستی و بەشداری کردن لە پێك هێنانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا.

ساڵی ٥٤، هەر لە هەمان سەرەتای چوونی بۆ دانشکەدەی کەشاوەرزی‌ی کەرج، جێگای خۆی لە نیو کۆری دانشجوویانی شۆرشگێردا کردەوە. سەرجەمی هەڵسوورانی سیاسی و بەشداری کردنی لە بەرپا کردنی چەندین ئیعتیراز و مانگرتنی دانشجوویی‌دا لە ئاخرینیان بانگەواز کردنی سەرکەوتوانەی دانشجوویان بوو بۆ پشتیوانی کردن لە داخوازەکان و مانگرتنی کرێکارانی چینی تاران لە مانگی گولانی ساڵی ١٣٥٥ دا، بووە هۆی گیرانی و زیندانی کرانی. هاوری غلام لە زیندان دا بە لیبراوی موقاوەمەتی کرد. کەسانێك کە لە سلوولەکانی پەنا دەستی‌دا دەنگی ئەویان دەبیست و دەیاندیت سەرەرای ئەوەی لەشی بریندراری خوی بەسەر موزاییکی راهرەوەکاندا دەکیشی چلون هەر بە "کوتم نازانم" وەڵام دەداتەوە، ئیعتماد بە نەفس و ئومید و ئیمان و رازداری و غووروری شۆرشگێرانە و توانایی موقاوەمەتیان چەندلانە زیاد دەبوو.

ساڵی ٥٧ لەگەل هەزاران زیندانی‌تر لە زیندان ئازاد کرا. شوور و شەوقی هاوری غلام لەو دەورەیەدا وردی زمانی هەموو دوستانی بوو. سوخەنرانی، تەبلیغ و تەرویج لە کارخانەکان، لە دانشگاکان لە خیابانە پر جم و جوولەکانی سەردەمی قیام، چوون بۆ کارخانەکان، بەشداری کردن لە گرتنی "پادگانی عیشرەت ئاباد" دا، پێك هێنانی کۆر و کۆمەڵ و کانوونی ئاموزشی تەرویجی بۆ کرێکاران و لاوان و ئیقداماتی‌تری لەم چەشنە، رۆژ و شەوی هاوری غلامی داگرتبوو. سەرەتای زستانی ساڵی ٥٨ لەگەل دەستەیەك لە هاورییان و هاو فکرانی بە رێکخراوی "ئیتحاد مبارزان کۆمۆنیست" پەیوەست بوو. خەرمانانی سالی ٦١ لە کونگرەی "ئیتحاد مبارزان کۆمۆنیست" دا بەشداری کرد و پاش کونگرە وەك ئەندامی کومیتەی "ئیسفەهان" ی ئەو رێکخراوە هەڵبژیردرا. پاش زەربە ویکەوتنی تەشکیلات و تەعقیبی پولیس، زستانی سالی ٦١ هاتە ناوچە ئازاد کراوەکانی کوردستان خەرمانانی سالی ٦١ لە ئەندامانی کونگرەی دامەزرینەری حیزبی کۆمۆنیست ئێران بوو. پاش کونگرە هاوری غلام بووە ئەندامی کومیتەی سازماندەری تەشکیلاتی نهێنی حیزب.

هاوری غلام پاشان ناردرایە تەشکیلاتی دەرەوەی وڵات و بووە ئەندامی کومیتەی ئەو تەشکیلاتە. لە کونگرەی دووهەم و سێهەمی حیزبدا وەك نوینەری تەشکیلاتی دەرەوەی وڵات بەشداری کرد. لە کونگرەی دووهەمدا هاوری غلام بۆ ئەندامی کومیتەی ناوەندی‌ی حیزب هەڵبژیردرا. هاوری غلام بۆ نەشرییە جۆراوجۆرەکانی حیزب و بۆ رادیو وتاری دەنووسی و لە کومیتەی دەرەوەی وڵاتیش دا سەردەبیری نەشرییەی "رسانە" بوو.

هاوری غلام لە ئاخرین رۆژەکانی ژیانی هەڵسووراو و پرباری خویدا خەرێکی هەوڵدان بوو بۆ رێکخراو کردنی تەبعیدی‌یەکان و پەناهندە ئێرانی‌یەکان لە دەرەوەی وڵات و ئەندامی هەیئەتی دامەزرینەری فدراسیونی شووراکانی پناهندە ئێرانی‌یەکان بوو و هەتا کاتیك کە ترۆر کرا "سخنگو"ی ئەو هەیئەتە بوو. کونگرەی دامەزرینەری فدراسیونی شووراکانی پەناهندە ئێرانی‌یەکان لە مانگی پووشپەر گیرا، رۆژی مەرگی هاوری غلامی وەك رۆژی هاو پشتی‌ی پەناهندە ئێرانی‌یەکان و رۆژی ئیعتیراز لە دژی جمهووری ئیسلامی راگەیاند.

ساڵی رابوردوو، ئێوارەی رۆژی ٤ی خەرمانان، سەری پر شووری هاوری غلام کەوتە بەر گوللەی جینایەتکارانی بەکریگراوی جمهووری ئیسلامی و دلی کە لە عەشقی رزگاری ئینسانەکان لێی دەدا، لە لیدان کەوت.

هاوری غلام لە نیو ئێمەدا نەماوە، بەڵام یادی ئازیزی زیندووە و ئامانجی بەرزی لە دلی میلیونەها ئینسان دایە. رژیمی جینایەتکار بە سزای جینایەتەکانی خۆی دەگا.

***

# پاشماوەی جمهووری ئیسلامی و مەسەلەی مەسکەن

ئەوانە ژمارەیەك حەیوانی درەندەن کە هەلپەی هەلدرین و خوین رشتن سەرتاسەری وجوودیانی داگرتوە. ئەوانە هەر ئەو رۆژەی حکوومەتەکەیان هاتەسەر کار لە نیو ژان و خوین و زنجکاودا لە دایك بوون. تاوانی هەژاریمان، تاوانی رەنگ زەردی مندالمان، تاوانی نەخۆشیمان کە بە بلاو بوونەوەی هەر وەبایەك هەزاران کەسمان دەمری و دەستیان بە تاقە یەك ئامپوول ناگا، وە تاوانی دەفن بوونی دەیان هەزارمان لەژیر دار و پردووی بوومەلەرزەدا، هەمووی لە ئەستوی ئەم جینایەتکارانەیە. لە ئەستوی کەسانێکە کە حازرن بۆ هەر تمەنێك کە بچێتە گیرفانیانەوە جارێك شەق لە شەرافەتی نەبوونی خۆیان هەڵدەن حازرن دەم بنینە نیو گوشت و ئیسقانی هەموومان. ئەمانە، ئێمە تەنیا وەك رەوە ئینسانێك چاو لی دەکەن کە دەبی لە نێو حاك و خۆڵ دا بتلینەوە، بچەوسێنەوە، زەو و زوو بکەین هەتا نەسلی ئینسانی بەرهەم هینەری خیر و خۆشی ئەوان وەجاخی کویر نەبیتەوە و دوایەش پول پول بمرین، بخنکیین، بمانکوژن، بە کوشتمان بدەن.

مەسکەن، جیگایەك کە ئینسانی شارنشینی ئەمرۆ بتوانی بی دەغدەغە تێیدا بژی، حەقی هەموومانە. رژیمی سەرمایەداران کە تەواوی ئیمکاناتی کۆمەڵی گرتوەتە ژیر دەستی خۆی و هیچ سەروەتێکی بە دەست ئێمەوە نەهیشتوە، وەزیفەیەتی مەسکەنی ئێمە تەئمین بکا. تەواوی ئەو ئینسانانە کە ژیانی ئینسانی لای کەم لەبری چەوسانەوەی خۆیان بە حەقی خۆیان دەزانن، دەبی داوای ئەمە لە رژیم بکەن. ئەمە بۆ تەئمینی مەسکەن. بەڵام رووخاندنی سەرپەنای زەحمەتکێشان، جۆرمێکی جنایی‌یە کە رژیم کردوویەتی. ئەوە تەنیا راپەرین و ئیعتیراز و فشاری خەباتی کرێکاران و زەحمەتکێشە کە دەتوانی پەروەندی ئەم جۆرمە و دەیان جۆرم و جینایەتی‌تری حاکمانی سەرمایەی ئیسلامی، بینێتە دادگای خیابان و کووچە و بەردەستی خەڵکی راپەریو.

بە خەباتی یەکگرتوو، بە چاوپوشی نەکردن لە هیچ حەقیکی خۆمان و بە دەنگ هەڵینان و راگەیاندنی داخوازەکانمان هەنگاویك لەو داوا رەوایەمان نزیك دەبینەوە: مەسکەن و ئیمکاناتی پێویست بۆ ژیانی ئینسان!

***

پێشڕەو
دەورەی دووهەم ژمارەی ٣٧ ڕەزبەری _ ١٣٦٩ ئوکتوبری _ ١٩٩٠

# وت و وێژ لەگەل هاوری منسور حکمت سەبارەت بە: پێك هێنانی فراکسیونی کۆمۆنیزمی کارگەری

مانگی جوزەردان، بە بلاو بوونەوەی راگەیاندنیك لە لایەن هاوری منسور حکمت بۆ تێکۆشەرانی حیزب، فراکسیونی کۆمۆنیزمی کارگەری لە حیزبدا مەوجوودییەتی خۆی راگەیاند. ئەوی لیرەدا دەیخوێننەوە وت و وێژیکە لەگەل هاوری منسور حکمت سەبارەت بە پێك هاتنی فراکسیون. ئەم وت وێژەلە ژمارەی ٥٨ی گوڤاری "کمونیست" ئورگانی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئیران دا چاپ کراوە.

**کمونیست: وەك یەکەمین پرسیار با ئەوە بپرسم کە چون بوو پێك هێنانی فراکسیونتان بە پێویست زانی و بوچی ئێستا پێك دەهێنری؟ لە کونگرەی دووهەم دا کۆمۆنیزمی کارگەری وەك جیهەت گیری یەك کەوتە بەرانبەر حیزب و بە زاهیر قەبوول کرا. بە کونگرەی سێهەم موشەخەس بوو کە کۆمۆنیزمی کارگەری بە گشتی وەك تابلویەکی تازەی لی هاتوە بۆ حیزب کە دەکری لە سایەی پال بدەیەوە و تەنانەت لە حاست لافاوی ئاڵ و گۆرەکانی دنیای دەرەوەش کەمتەرخەم بی و هەمان ئاسوی جاران و هەمان پراتیکی جاران درێژە پی بدەی. بەم کونگرەیە کۆمۆنیزمی کارگەری وەك جەرەیانێکی رەخنەگرانە لەرابەری حیزبدا باسی کرا. ئایا پێك هاتنی فراکسیون ئیدامەی ئەو حەرەکەتە رەخنەگرانەیەیە؟ لە چاو ساڵ و نیویك لەوەپێش کە کونگرەی ٣ گیرا ئێستا چ زەمینەیەك فەراهەم بووە کە کۆمۆنیزمی کارگەری شکلی فراکسیونێکی تەشکیلاتی دەگرێتە خۆی؟**

هاوری منسور حکمت: ئەگەر یەك لەحزە پەیوەندی تاریخی هاوبەشمان وەك کادری حیزبی کۆمۆنیست لە بیر بەرێنەوە و چاو لە وەزعییەتی ئەمرۆ بکەین و بزانین هەرکاممان چ ئاسویەکی هەیە و چون لە کۆمۆنیزم دەگا و دەیەوی چ بکا، پێم وایە ئەوە بۆ هەمووومان لە رۆژروشنتر دەبی کە بە پێی بۆچوون و فیکر و ئەولەوییەتەکانی ئەمرۆمان، ئێمە دەبوو لە ئەحزابی سیاسی جۆراوجۆردا بوایەین. بەلام ئەو تاریخە هاوبەشە لەوە بە هیزتر و بەنرخترە کە ئەمرۆ هەرکەس خۆی ملی رێگا بگری بچی حیزبێکی بە پێی ئاسوی خۆی پێك بینی یان بیدوزێتەوە. حیزبی کۆمۆنیستی ئێران چەند حیزبە لە پەیکەری حیزبیکدا. جەبهەیەکی ئینتلافی‌یە لە چەند رەگەی جیاوازی سوسیالیزمی رادیکال. ئەگەر تو بتەوی حیزبی دلخوازی خۆت دروست بکەی و نەشت هەوی دەست لەو حیزبە هەلگری کە هەیە و نەشت هەوی چاوپوشی لە هەموو ئەو شتانە بکەی کە بەم حیزبە وەدەست هاتوون، فراکسیون دروست دەکەی. فراکسیونی کۆمۆنیزمی کارگەری بۆ رێکخستنی حەرەکەتی سوسیالیستی کارگەری لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا و بەدەستەوە گرتنی فەرمانی ئەم حیزبە لەلایەن ئەم جەرەیانەوە پێویست و زەروورییە. پێك هێنانی فراکسیون بەمانای ئەوەیە کە ئێمە بە کردەوە وەفادارین بەو ئیددیعایەی خۆمان کە دەڵێین ئەم حیزبە ئینتلافی‌یە چەند رەگەیە لە سوسیالیزمی رادیکالی هاوچەرخ کە لەیەکتر جیاوازن.

ئەم فراکسیونە دەبوو زۆر زووتر پێك هاتبا. لە کونگرەی "ئتحاد مبارزان کمونیست"ەوە هەتا دەسپێکردنی باسەکانی مەربووت بە ئاژیتاتوری کرێکاری ئیتر من لیم مەعلووم بوو کە ئێمە خەریکین باسی چەند کۆمۆنیزم و مارکسیزمن جیاواز دەکەین. شۆرشی ٥٧ هەموومانی لە ریزیکی سوسیالیستی رادیکال دا کو کردبووەوە. بە دامرکانی ئەو شۆرشە و هاتنە گۆری مەسەلەی بنەرەتی‌تر و غەیرە تاکتیکی بۆ ئێمە، کەلینە واقیعی‌یەکان دەکرانەوە و بە شێوەیەکی پوختەتر بەیان دەکران. باسەکانی من لە کونگرەی دووهەم دا دەبوو لە بەیاننامەی فراکسیونێکی جیاوازدا بوایەن نەك وەك گوزارشی سەرجەمی دەفتەری سیاسی و ناوەندی حیزب. گوزارشی وەزعییەتی جیهانی و مەوقعییەتی کۆمۆنیزمیش هەروەتر کە ئەوانەشم هەر لە زمان کومیتەی ناوەندی‌یەوە بۆ کونگرەی سێهەم نووسی. ئەوەکە بۆچی فراکسیون هەر ئەو کات پێك نەهات، تەنیا دەکری بە حیسابی ئەوە دابنری کە هیشتا پاشماوەی بۆچوونی "هەموومان پێکەوە" هەر مابوو. خوشم بە ئەندازەی کافی فاسلە و مەودای نیوان خەتەکانی حیزبی کۆمۆنیستم بە روشنی بو دەر نەکەوتبوو. لە جیاتی پێك هێنانی ریزیکی روشن و سیاسی لە نیو حیزبدا، بۆ ماوەیەك رێگای تەرویج کردنمان گرتە پێش. لە مەودای نیوان کونگرەی دووهەم و کونگرەی سێهەم دا ئەم شکاف و کەلینانەمان بە شێوەیەکی وردتر و عەینی‌تر ناسی و وەدرەنگ خستی لەوە زیاتری پێك هێنانی ریزیکی جیاواز بە هیچ شێوەیەك جیگای نەبوو.

**کمونیست: پاش کونگرەی سێهەم شاهیدی پێك هاتنی کانوونی کومونیزمی کارگەری بووین. بە پێی چ هەڵسەنگاندنێك ئەو کانوونە پێك هات؟ ئایا پێك هاتنی فراکسیون ئیدامەی کانوونە؟ چ پەیوەندی‌یەك لە نیوان کانوون و فراکسیون دا هەیە؟**

منسور حکمت: لە کونگرەی سێهەم گرینگتر بە بروای من پلینومی سیزدەهەم بوو کە دروست پێش کونگرە گیرا. بۆ ماوەیەکی زۆر لە فاسلەی کونگرەی دووهەم و سێهەم دا، من دەبیری کومیتەی ناوەندی بووم و لەگەل هاوری‌یان رەزا مقدەم و بهروز میلانی پێکەوە کومیتەی ئیجرایی حیزب بووین. کە وایە ئەوەی دواتر ناوی نرا کانوون، عەمەلەن لە سەرووی حیزب بوو و لەو دەورەیەدا بۆمان دەرکەوت کە ئەو ماشینەی ئێمە رەسمەن فەرمانەکەیمان بە دەستەوەیە، لە کردەوەدا بە میکانیزمێکی دیکە حەرەکەت دەکا. هەموو ئیقدامات و بریارەکانمان وەك ئورگانی بەرزی حیزب، بە شێوەی رەسمی تەئیید دەکرا بەلام دواتر لە پروسەی عەمەلی‌دا دەبوو بە شتێکی دیکە. ئێمە لە سەرووی حیزب، قودرەتی عەمەلی گەرایشاتی جۆراوجۆرمان بەروشنی هەست پی دەکرد و دەماندیت. ناکری بە ئیقداماتی ئیداری بەرەورووی گەرایشاتی سیاسی بیەوە. هیچ نەقشە عەمەل و بریار نامە و لی پرسینەوەیەك نەیدەتوانی بی ئاسوی و بی حالی رادیکالیزمی چەپ لە حیزب و لە لە رابەری‌دا، یان خۆ گرتنی ئاسوی ناسیونالیستی لە کوردستان، یان دەستە وەستانی و بی عەمەلی سوسیال دیموکراتێك لە تەشکیلاتی دەرەوەدا جواب بداتەوە. بریارنامەکان و پەسند کراوەکانمان لەبابەت فەعالییەتی حیزب لە کوردستان، سیاسەتی رێکخستنی کرێکاریمان، نەقشە عەمەلمان بۆ پێك هێنانی تەشکیلاتی قایم و بە قودرەت لە دەرەوەی وڵات، بانگەوازەکانمان بۆ وەخوکەوتن و جم و جوولی نەزەری و سیاسی لە رابەری حیزبدا، هەموویان دەبوونە ئەسیری واقعییاتێك کە خەسلەتی سیاسی و کۆمەڵایەتی‌یان بوو. لە پلینومی سیزدەهەم دا ئێمە هەر ئەمەمان وەك گوزارش وت. ئێمە وتمان گەرایشی سوسیالیستی کارگەری لە حیزبدا کە هێزی بەرەوپێش بەری سیاسەتەکانمانە، گەرایشێکی کەمایەتی‌یە و بە کردەوە سوننەتەکانی‌تر لە حیزبدا بە سەری‌دا زالن. لە کونگرەی سێهەم دا، لە گوزارشی وەزعییەتی جیهانی و سوخەنرانی‌یەکانی مەربووت بەو گوزارشەدا ئێمە باسی جیاوازی‌یەکانی خومانمان کرد. دوای ئەوە، بە قازانجی خەباتی سیاسی بەرانبەر بە گەرایشەکانی‌تر، لە قودرەتی ئیداری کشاینەوە. کانوونی کۆمۆنیزمی کارگەری لیرەدا پێك هات. (ئەو کانوونە کە ئەو کات من و رەزا مقدەم و ایرج ئازەرین بووین و پاشان کورش مدرسیش پێی پەیوەست بوو) جەمعێك بوو کە تەقویەت و بە هێز کردنی کۆمۆنیزمی کارگەری چ لە حیزبدا و چ لە دەرەوەی حیزبی بە ئامانجی خۆی دانابوو. کانوون لە هەنگاوی یەکەم دا دەستی‌دایە تەوزیح دانی جیاوازی‌یەکانی ئێمە لەگەل گەرایشەکانی‌تر.

کونگرەی سێهەم، کونگرەی سانتر بوو لە حیزبدا. گوزارشەکە و یەك دوو سوخەنرانی ئێمە نەبی، کونگرە مەیدانی خو نیشاندانی سانتر بوو بەرانبەر بە هێندێك حەریفی بچووك و بی مایە، کە سانتر زیندوو بوون و خاوەن قسە بوونی خۆی لەوەدا دەدیت کە بەرانبەر بەو حەریفانە راوەستاوە. هاوری‌یەك بە سەد و چەند ئیمزاوە لە ئەندامانی حیزب، سوخەنرانی‌یەکی وای لەسەر مەسەلە تەشکیلاتی‌یەکان کرد کە پوپولیستەکانی ٥٧ لە چاو ئەو دەتگوت رولەی لوگزامبورگن. سانتری حیزبی بە دیتنی پوپولیستێکی‌تر کە دەکرا بیکاتە کیسەی بوکس گەشکە بوو. دنیای دەرەوە تووشی تەکان و هەژانێکی میژوویی ببوو، چارەنووسی سوسیالیزم و مارکسیزم و بیر و باوەر و ئەرکی شۆرشی کرێکاری تووشی ئالوزی و ناروشنی‌یەکی بی وینە ببوو، بەلام سانتری حیزب توانی گویی خۆی لەوانە بخەوینی و لە هەولی ئەوەدا بی سەرکەوتنێکی دژی پوپولیستی تازە وەدەست بینی. چەند رۆژەی کونگرەی سێهەم یەکیك لە تالترین سەردەمەکانی ژیانم بوو. ئیتر مەعلووم بوو کە کەمایەتی‌یەکی زۆر چکولەین لە نیو کادرەکانی ئەم حیزبەدا و دەبی فیکریك بکەینەوە. ئەم حیزبە بەو وەزعەوە کە بووی نەی دەتوانی وەلامی پێویستی‌یەکان و ئەولەوییەتەکانی سوسیالیزمی کارگەری بداتەوە. هاتینە سەر ئەوەکە ئەگەر پێویستە دەبی لەسەرراوە دەست پی بکەین. کانوون حاسلی ئەم هەڵسەنگاندنە بوو.

فراکسیون بە مەعنایەك ئیدامەی کاری کانوونە. لە کانوون دا بەو نەتیجەیە گەیشتین کە دەبی دەخالەتێکی تەشکیلاتی چالاکانە لەچارەنووسی حیزبدا بکەین. کانوون خۆی وەك مەرجەعیکی غەیرە رەسمی و روشنگەر، ئورگانێکی موناسب نەبوو بۆ ئەم کارە. نەمان دەویست کانوون زەینی بە مەسەلەی تەشکیلاتی یەوە خەریك بی. کانوون دەتوانی مەرکەزیك بی بو هاو ئاهەنگ کردنی کۆمەڵێك فەعالییەت کە سنووری لە فەعالییەتی حیزبیمان واوەتر دەچی. بێجگە لەوەش خۆم وەك ئەندامی لە مێژینەی ریبەرایەتی حیزب نەمدەویست و نەمدەتوانی چارەنووسی عەمەلی حیزب، حیزبیك کە هەتا ئیرەمان هیناوە، بسپیرمە دەست رەوتی خود بە خودی وەزعییەت و ئەنجامی ناراستەوخوی تیکوشانمان وەك کانوون. فراکسیونی کۆمۆنیزمی کارگەری وەك ئامرازی دەخالەتی تەشکیلاتی چالاکانەمان لە چارەنووسی حیزبی کۆمۆنیست دا پێك هاتوە.

**کمونیست: بەرچاوترین ئاڵ و گۆری ناوخۆیی حیزب لەم دەورەیەدا باسەکانی مەربووت بە تێکۆشانی حیزب لە کوردستان و خەباتی ناو خۆی سازمانی کوردستانی حیزب بووە کە نووسراوە و بەڵگەکانی کانوون لەم باسانەدا، خەریکە بلاو دەکرێنەوە. ئەم باسانە هەتا چ رادەیەك لە شکل گرتنی گەرایشەکانی ناوخۆی حیزب دا و بەشێوەی موشەخەس لە جیاواز کردنەوەی کۆمۆنیزمی کارگەری لە پەیکەری حیزبدا، دەوریان هەبوو؟**

منسور حکمت: خاسییەتی ئەم باسانە ئەوە بوو کە هەموانی لەو واقعییەتە گەیاند کە حیزب خەت و ریبازی جۆراوجۆری تێدایە بە بۆچوونی جیاوازەوە. ئەمە تا رادەیەك نەتیجەی ئەوە بوو کە کانوونێکی غەیرە رەسمی ئەم باسانەی هێنایە گۆر کە بە خۆی دەگوت کەمایەتی. ئەگەر هەر ئەم باسانە بە ناوی دەفتەری سیاسی‌یەوە یان بە ناوی کومیتەی ناوەندی‌یەوە کرابان رەنگە بە پێی سوننەتەکانی تا ئێستا هیچ هەڵویستێکی موخالیفیان لە حاست نەگیرا با و هەر بە پێی ئەو رەسم و قاعیدەیەی کە هەبوو بە روالەت موافقەتی لەگەل کرابا و بە کردەوە پشت گوی خرابا. هاتنە گۆری باسەکان لە لایەن کانوونەوە، ئەویش بەو تەئکیدەی کانوونەوە کە دەیگوت ئەمە خەتی رەسمی نیە و قسەی چەند کەسێکی دیاریکراوە، ئیمکانی ئەوەی پێك هێنا کە موخالفەتە واقعیی‌یەکان لە بەرانبەری‌دا خو نیشان بدەن. ریزەکانی حیزب بەم جۆرە دیتیان کە ئەو ئیددیعایەی ئێمە کە دەڵێین خەت و ریبازی جۆراوجۆر هەن، شتیکی واقیعی‌یە و کادرەکانی ریبەرایەتی حیزب کە تا ئەو کات وەك روحیك لە چەند جەستەدا بەرچاو دەکەوتن لە راستیدا نوینەری گەرایشی جۆراوجۆرن. بۆ یەکەم جار ریزەکانی حیزب بە تایبەت لە کوردستان لەگەل ئەوە بەرەوروو بوون کە لە نیو خەتەکان دا یەکیان هەڵبژێرن. گرینگی باسەکانی کوردستان لەوەدا بوو کە سەرنجی ریزەکانی حیزبی بەرەو ناکوکی‌یەکان و تارمایی خەت و ریبازەکان راکیشا و کوتایی هێنا بە روالەتی یەکپارچەی کومیتەی ناوەندی کە ئەم روالەتە یەکپارچەیە خۆی حاسلی ئەوە بوو کە خەتیك بە شێوەی زاهیری لە لایەن باقی‌یەکەوە تەئیید دەکرا. خودی باسەکانی کوردستان لە بوون و نەبوونی گەرایشی کۆمۆنیزمی کارگەری‌دا تەئسیریان نەبوو، رەنگە گەرایشی تازە لەم نیوەدا شکلیان گرت. بەلام ناکوی و جیاوازی ئێمە لەگەل گەرایشەکانی‌تر پێش ئەم باسانە بوون. ئەو شتەی لەم باسانەدا وەدەست هات بریتی بوو لە وشیاری سیاسی زیاتر لە نیو ئەندامان و تیکوشەرانی حیزبدا لە کوردستان و هاتنە سەر هەڵبژاردن لە نیو گەرایشات دا. خودی ئەم باسانە بە تەنیایی بۆ جیا کردنەوەی کاملی گەرایشی کۆمۆنیستی کارگەری لە کوردستان کافی نین زرۆبەی تیکوشەرانی حیزب لە تەشکیلاتی کوردستان بە قازانجی کانوون هەڵویستیان گرت. بەلام حاسلی ئەم هەڵویست گرتنە لیك هەلاویردرانی چەپ و راست و پەیدا بوونی گەرایشێکی چەپ بوو کە خۆی دەبی لە نیو خویدا بە پێی بنەماکانی خەتی کۆمۆنیزمی کارگەری تەتەلە بکری.

**کمونیست: لە کردەوەدا گەرایشێکی‌تر لە حیزبدا نەی‌ویستوە وجوودی رەسمی خۆی دەرخا و لانی کەم لە تەشکیلاتی کوردستاندا هیچ گەرایشێکی چالاك و هەڵسووراوی‌تر بە راشکاوی خەریکی نیشاندانی وجوودی تەشکیلاتی خۆشی نیە. کۆمۆنیزمی کارگەری تاقە گەرایشی ئیسباتی بووە لە حیزبدا. سنووری نیوان گەرایشەکان چون دیاری دەکری؟ سەنگ و سووکی نیوان گەرایشەکان ئێستا چون دەبینی؟**

منسور حکمت: گەرایشەکانی‌تر قسەیان کردوە بەلام ئەو ئوتوریتە و قودرەت و تەئسیرەیان نیە کە لەسەردەمی باسەکانی کانوون و ریبەرایەتی کۆمەڵەدا هەبوو. ئەو گرینگی‌یەشیان نیە. بەلام سنووری نیوان گەرایشەکان بە پێی ئەوە دیاری ناکری کە چ جیاوازی‌یەکمان لەگەل فلانە نووسراوەی نیو نەشرییەی ناوخۆیی‌دا هەیە. من پێشتر راست و چەپ و مەرکەزم لە حیزبدا بە پێی بۆچوون و رەوشتیان دەستەبەندی کردوە و لە "جیاوازی‌یەکانی ئێمە"دا و هەروەها لەو بەڵگانەی باسەکانی کوردستاندا کە قەرارە بلاو بکرێنەوە باسم کردوە. لە بابەت سەنگ و سووکی نیوان گەرایشەکان، ئەگەر مەبەستتان شێوەی ریز بەستنی ئەندامان و تێکۆشەران بی دەبی بڵێم هەر لەم دەورەیەدا ژمارەیەکی زۆر و لەوانە زۆربەی نزیك بە تەواوی ئەندامانی خودی کومیتەی ناوەندی بە فراکسیون پەیوەست بوون. بەلام قورسایی ئەسلی فراکسیون نەك لە چەندایەتی و ژمارەی کەسانێك دا کە پێی وابەستەن بەڵکوو لەو واقعییەتەدایە کە تاقە جەریانێکە کە چوارچێوەیەکی سیتماتێك بۆ فەعالییەتێکی کۆمۆنیستی لە دنیای ئەمرۆدا بەدەستەوە دەدا. هەر ئەمە رێگای لەوە گرتوە کە گەرایشێکی‌تر بە رەسمی لەبەرابەر ئەم فراکسیونەدا شکل بگری.

**کمونیست: حیزبی کۆمۆنیستی شوێنی لە دەوری‌یەك کۆبوونەوەی سوسیالیزمی رادیکالی ئێران بووە. ئەم سوسیالیزمە قسەیەکی نیە بیکا و هیچ ئاسویەکی جیاواز و تایبەتی لە کۆمەڵدا لەبەر چاو نیە. ئەم سوسیالیزمە بەهەر حال ناچارە حیزب بە گەرایشێکی ئیسباتی بسپیری کە ساغە لەسەر ئەوەی خۆی دەفتەری ئینتلافەکەیان ببەستی. پرسیارەکەی من ئەوەیە: بێجگە لەم حیزبە کە هەیە، کەرەسە و ماتریالی واقیعی بۆ پێك هێنانی حیزبێکی سوسیالیستی**

پێشڕەو

**کارگەری بە چ رادەیەك هەیە؟ خەباتی ئێستا بۆ یەك بنە کردنەوەی حیزبی کۆمۆنیست وە بە دەستەوە گرتنی ئەو حیزبە، چ جێگا و شوێنێکی هەیە لە پێك هێنانی حیزبێکی سوسیالیستی کارگەریدا؟**

منسور حکمت: ماتریال و کەرەسەی حیزبی کۆمۆنیستی کارگەری، سوننەتی خەباتی سوسیالیستی کارگەرییە کە لە نیو کۆمەڵدا هەیە. بە مارکسیزم، بە بروای من ئەو سوننەتە بووەتە خاوەنی ئاسویەکی زیندوو و خەوش هەڵنەگری مارکسیزم لەوەیە و خوشبەختانە ئەوانەی قەوارەی کۆمەڵایەتی‌یان لەم تیئوری و جیهان بینی‌یەدا جێی نابێتەوە. خەریکن دەستی لی هەڵدەگرن. ئیعتیرازی دژی کاپیتالیستی کرێکار ئەوەندە بەرینە کە بۆ خنکاندنی ئەو ئیعیترازە ئەرتەشی چەند میلیونی و شەبەکەی جۆراوجۆری ئیتیلاعاتی بۆ گورینی حەقیقەت و گەلێك رادیو و رۆژنامە، خەرجی گەورەیان بۆ دەکری. ئەگەر کەسێك بیهەوی سوسیالیزمی زیندووی کرێکاری ببینی من هەر ئەم چەند ژمارەیەی "کارگەر امروز"ی پی نیشان دەدەم. لە "جمال چراغ ویسی"یەوە هەتا "جری تاکر" ریزیکی بەرینە لە نوینەرانی سوسیالیستی چینی کرێکار. بزووتنەوەی ئێمە پەراکەندەیە، ئالوزە، خۆی کۆ نەکردوەتەوە، یەکگرتوو نیە، هەزار و یەك خورافە کاری تی دەکا، بەڵام هەیە و زیندووە. جگە لەمەش وادیارە کۆمۆنیزمی کارگەری بە رووداوەکانی ئەم دواییەی جیهان، جاریکی‌تر دەرفەتی دەست دەکەوی وەك لایەنێکی سەرەکی لە کیشەی کۆمەڵایەتی‌دا پی بنێتە مەیدان.

بەڵام لە بابەت بەشی دووهەمی پرسیارەکەتانەوە، دەبی بڵێم بە بروای من بۆ ئێمە ئەم مەسەلەیە حەیاتی‌یە. نزیکترین جەرەیانێك کە دەتوانی لە چارەنووسی سوسیالیزمی کارگەریدا بە هۆی رێکخراوێکی حیزبی _ رێکخراوێکی وا کە دەتوانی ئەرکی جۆراوجۆر و پێچیدە بەریوە بەری_ دەخالەت بکا، ئێمەین. رەخنەیەکی سەرەکیم لە تێکۆشەرانی سوسیالیزمی کارگەری ئەوەیە کە لە ئاسوی عەمەلی سەبارەت بە حیزبایەتی و پێك هێنانی یەکگرتوویی بەرین و پر جم و جوول، دوورن. سەنگەر بەندی‌یەکانی ئەمرۆی کرێکارانی سوسیالیست محەللی و جی جی‌یە. ئاسوکان کەم تا زۆر هەر لە سنووری وڵاتەکاندا دەمێنێتەوە و لە سنووری هەر وڵاتێکیش دا رادیکالیزە کردنەوەی ئەو بزووتنەوانە کە ئێستا هەن ناوەرۆکی سەرەکی تێکۆشانی کرێکارانی سوسیالیستە. ئەمانە هەموو دەبی هەبن. بەڵام سەرەنجام کرێکار دەبی بە حیزب و ئەنترناسیونالی خۆیەوە بێتە مەیدان. مەیدانی کیشە و بەرانبەرکیی گەورە و بەرین. کیشە لە سەر بیر و باوەری بە میلیون کەس، لە سەر چارەنووسی نەسلەکانی کرێکار، لەسەر سیستمە کۆمەڵایەتی‌یەکان و لەسەر عاقیبەتی مالکییەت و شتی‌تری لەم چەشنە. لەم هەڵوێستەوە، من دەست لەو حیزبە هەڵناگرم کە ئێستا هەیە و تەنانەت هەر ئێستا ماشینێکی رێکخستن و تەبلیغ و تەرویجی نیسبەتەن پر قودرەتە_ تەنانەت لە چاو رێکخراوە رادیکالە کارگەری‌یەکان لە ئوورووپا و ئەمریکا_ . ئەم حیزبە دەتوانی وەسیلەیەکی زۆر کارامە بی بۆ دەخالەتی کاریگەرمان لە بزووتنەوەی سوسیالیستی کارگەری دا چ لە ئێران و چ لە جیهان. بە بروای من کۆمۆنیست و کرێکاری ئێرانی کە بیهەوی تەئسیری ماددی و هەست پێکراو بکاتە سەر دنیای دەرەوەی خۆی ناتوانی چاوپوشی لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بکا.

**کمونیست: لە سوننەتی چەپی مەکتەبی و فیرقەیی‌دا، یەك بنە بوونەوە و یەك گەرایشی بوونەوەی هەمیشە بە مانای بەرزتر کردنەوەی دیوارەکانی فیرقە و هەنگاوێکی‌ترە بەرەو بەتاك کەوتنەوە. لە خەبات دا بە یەك بنە کردنەوەی حیزب _ کە بیگومان بە مانای یەك بنە کردنەوەی حیزبە لە باری جێگا و شوێنە کۆمەڵایەتی‌یەکەیەوە چ نیشانە و پیوانەیەکی بەرچاو هەیە کە ئەم خەباتە لە سوننەتی کیشەی ناوخۆی فیرقەکان جیا دەکاتەوە؟**

منسور حکمت: سکتاریزم بە مانای خۆ جیا کردنەوە لە فیرقەکەی پەنا دەست خۆت نیە. بە مانای فیرقە بوونە بە گشتی و جیا بوونەوەیە لە جەرگەی کۆمەڵایەتی خەباتی چینەکان. بناغەیەکی سەرەکی باسی کۆمۆنیزمی کارگەری، کە ئەگەر کەسێك بەدل سەرنجی دابێتە ناوەرۆکەکەی بۆی دەر دەکەوی، رەخنە گرتنە لە خەسلەتی فیرقەیی چەپی رادیکالی تا ئێستا. لەم باسانەدا من باسی دوو جۆرە تەریکی و بە تاك کەوتنەوەم کردوە کە پەیوەندی راستەوخۆیان پێکەوە هەیە. بە تاك کەوتنەوە لە چینی کرێکار و بە تاك کەوتنەوە لە کیشمەکیشە سەرەکی‌یە کۆمەڵایەتی‌یەکان. چەپی رادیکال نەك هەر لە ئێران بەڵکوو لە ئاستی جیهانی‌دا، لە جەرگەی ئیعتیرازی کارگەری‌دا نەبوو. جەریانێکی کرێکاری_ بەمانای خەڵك ناسانە و کۆمەڵناسانەی ئەو وشەیە_ نەبوو. (جیایی ئیدئولوژیکی ئەم چەپە لە مارکسیزم و تیئوری شۆرشی کرێکاریش بەجیی خۆی). بێجگە لەمەش تەنانەت تاقە یەك جەریانی کرێکاریش بەبی ئەوەی لە نیو دلی کیشمەکیشە سەرەکی‌یە کۆمەڵایەتی‌یەکاندا لە هەر دەورەیەك دا حوزووری هەبی، هیچ تەئسیریکی لی ناوەشیتەوە. ئەمە جۆرێکی‌ترە لە جیایی و بە تاك کەوتنەوە کە زۆر رێکخراوی کرێکاریش، وەك ئیتحادیەکان، جەریاناتی ئانارکو سەندیکالیست و ئەمانە، گیرودەی بوون. جیایی لەو کیشە فیکری‌یانە کە خەریکە بالانسی فیکری کۆمەڵی ئەم سەردەمە دیاری دەکا، جیایی لە کیشەی "ئیتلاعاتی" و "سوئی ئیتلاعات"، جیایی لە خەبات بۆ نیشان دانی ئاسوی کۆمەڵی ئینسانی، جیایی لە تەواوی ئەو حەرەکەتە کۆمەڵایەتی‌یانە کە خەریکە چارەنووسی ئەم نەسلەی ئینسانەکان دیاری دەکا. جیایی و بە تاك کەوتنەوە بەو مەعنایە کە باسم کرد، رەگەیەکی سەرەکی‌یە لە رەخنەماندا بەرانبەر بە تاریخی سوسیالیزمی رادیکالی نیو سەدەی رابوردوو. یەك بنە بوونەوەمان یانی رزگار بوونمان لە چنگ تەواوی ئەو رەگە شێوە سوسیالیستی‌یە رادیکالانە کە ئەم بە تاك کەوتنەوە و فیرقەگەرایی‌یە لە زاتیان دا و لە وجوودی کۆمەڵایەتی‌یاندا. یەك بنە بوونەوە یانی رزگار کردنی حەرەکەتی حیزبی کۆمۆنیزمی کارگەری لە چنگ جەرەیاناتێك کە دنیا لە چوارچێوەی فیرقەکەی خۆیاندا دەبینن. حەرەکەتی خۆدی ئێمە باشترین بەڵگەیە بۆ نیشاندانی ئەوە کە ئێمە خەریکین فیرقەگەری بەگشتی، بە قازانجی نیشان دانی وجوودی کۆمەڵایەتی، دەدەینە بەر رەخنە و وەلای دەنیین. هەر لەوەوە کە رەخنەمان لە تەعبیری مەکتەبی و فیرقەگەرایانە لە تاریخی شۆرشی رووسیا گرت، هەتا بەیانکردنی سیاسەتی رێکخستنی کرێکاری لەسەر بناغەی بەرەسمییەت ناسینی جم و جوولی کۆمەڵایەتی خۆدی چینی کرێکار، بەلگەی جیا بوونەوەی قوول و خیرامانە لە ئاسوی فیرقەیی چەپی مەوجوود. ئێمە کیشەی فیرقەییمان لەگەل کەس نیە. بەڵام حازریش نین چینەکان و جەرەیاناتیك کە ئاسوی جۆراوجۆر و جیاوازیان هەیە پێکەوە بکەینە ناو توورەکەیەك. ریك بە پێچەوانە، بۆ ئەوەی ببی بە جەرەیانێکی کۆمەڵایەتی بەهێز و قودرەتمەند، پێویستە لە چنگ هەموو رەگەیەکی سوسیالیزمی فیرقەیی کە تایبەتی روناکبیرانی نارازی‌یە، رزگار بی.

**کمونیست: گەرایشی کۆمۆنیزمی کارگەری بە شێوەی موشەخەس لە گەلێك وتار و نووسراوە و بەلگەدا کە خۆت لە نەشرییە حیزبی‌یەکاندا نووسیوتن وە یا دراون بە ریبەرایەتی حیزب، بۆ مەیدانە جۆراوجۆرەکان تەرح و گەلالە و ئولگووی جیاوازی دیاری کردوە. بیجگە لەم تەرح و ئولگووانە، نەقشەی فەعالییەتی گشتی‌تری فراکسیون چیە؟**

منسور حکمت: لە باری عەمەلی‌یەوە ئێمە دەمانەوی لە کورت ترین ماوەدا حیزب بە دەستەوە بگیرین و هەتا کونگرەی چوارەم تەکلیفی گەرایشات لەم حیزبەدا روون کەینەوە. بەڵام بە گشتی، ئێمە دەمانەوەی شێوەیەك لە تێکۆشان و فەعالییەت لە حیزبی کۆمۆنیست دا جێگیر بکەین کە حیزب ببیتە شوێنی تەبیعی و سازگاری فەعالییەت بۆ تێکۆشەرانی سوسیالیزمی کارگەری، وە تێکۆشەرانی بزووتنەوەکانی‌تر لە نیو ئەم حیزبەدا، هەست بە غریبایەتی و ناسازگاری بکەن. ئەمە جۆرێکی جیاوازە بۆ نیشان دان و دەرخستنی وجوودی حیزب لە کۆمەڵدا. لە بابەت ئەم ئولگوو و تەرحانە بەشێوەی موشەخەس، بە تایبەت لە پلاتفورمیك دا کە دەیدەین بە پلینومی‌هەژدەهەم، دەنووسن. بەڵام بەگشتی، ئێمە شێوەی تێکۆشانی حیزب و ئەولەوییەتەکانی حیزب لە باسەکانی کۆمۆنیزمی کارگەری دەر دەکیشین. ئێمە دەمانەوەی وجوودی حیزبی کۆمۆنیست نەك هەر لە بزووتنەوەی کرێکاری ئێراندا بەڵکوو لە ئاستی جیهاندا بۆ ئەو ئینسانە ئاسایی‌یانە کە هەموو رۆژی خەریکن دەچنە سەر کاری خۆیان، بکەینە شتێکی بەرچاو و هەست پێکراو. دەمانەوی هێزێکی گۆرینی وەزعییەتی ماددی کۆمەڵ بین. کەوایە حەرەکەتی ئێمە بە تەمای پتەو کردنەوەی پەیوەندی حیزب و چینی کرێکارە و ئەوە کە حیزب بچێتە نیو مەیدانە سەرەکی‌یەکانی کیشەی کۆمەڵایەتی. هەول دەدەین حیزبی کۆمۆنیست بۆ هەمیشە لە ئالقەی ئەحزابی رادیکال چەپی ئێران بێتە دەر و بەرەو رووی هێزە واقیعی و کاریگەرەکانی دنیای ئەمرۆ بێتەوە.

**کمونیست: لە بابەت ئەو حیزبەوە کە دەبی دروست بکری، تا ئێستا لە زۆر جیگا نووسیوتە و قسەت کردوە. دیمەنی گشتی ئەم حیزبە چون دەبینی؟**

منسور حکمت: لە بابەت شێوەی تێکۆشانی ئەو حیزبەوە دەکری گەلێك نموونە باس بکەین. بەڵام من لیرە تەنیا چەند قسەیەك دەکەم. حیزبی ئێمە حیزبێك دەبی کە لە چارەنووسی ئەم نەسلەی کرێکاراندا دەخالەت و تەئسیری هەیە، چ لە ئێران و چ لە ئاستی جیهانیدا، حیزبێك دەبی کە لە پێك هینانی یەکگرتنی جیهانی کارگەری دا دەخالەتی هەیە و هەروەها لە کیشە سەرەکی‌یەکانی دنیای ئەمرۆدا. حیزبی ئەو کرێکارە سوسیالیستانە دەبی کە سەبارەت بە کوللی دینا و هەموو نەزم و نیزامی ئەم دنیایە قسەیان هەیە و دیکەن، حیزبێك کە پاریزەری ناسراو و قودرەتمەندی بیری سوسیالیستی و کارگەری‌یە و قودرەتی ئەوەی هەیە کە قسەی خۆی بگەیەنێتە گوێی جەماوەری بەرین. حیزبێکی بە دیسیپلین، سازماندەر و تی گەیشتوو کە وەك ئالقەی پەیوەندی و هێزی ئیلهام بەخش. رینوین بۆ هەموو شەرەکانی سوسیالیزمی کارگەری لە مەیدانی ئابووری و سیاسەت و فەرهەنگ و ئەخلاقییات دا عەمەل دەکا. بەرزەفرانەیە؟ بۆ کەسانێك کە دنیاکەیان لە سنووری نامەکانی بازرگان و فەعالییەتی سەر میزی کتێبەکەیان واوەتر ناچی، رەنگە وابی! بۆ کەسیك کە دەلی پەیرەوی مانیفیستی کۆمۆنیستم نە! بەرزەفر بوون، ئاوا، مەرجی ئەندامەتی‌یە لەو حیزبەدا.

# جمهووری ئیسلامی و مەسەلەی مەسکەن

کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێش هەر ئەسیری قەهری تەبیعەت و وەك ئاخوندەکان دەلین "مەشییەتی ئیلاهی" نین. کافی‌یە چاویك لەو گەرەکانە بکەین کە نەك بەتەکانی بوومەلەرزە بەڵکوو بە کەوچکی لودیر و بە ئەمر و مەشییەتی شارەدارەکانی جمهووری ئیسلامی رووخاون: لە مەریوان ٨٠ مالی ویران کراوی گەرەکی جەنگەلبانی، لە سنە گەرەکی تەقتەقان، لە سەردەشت گەرەکی هەنداوی‌ییەکان، وە چەندین مەجبوور ئاوا و زۆرئاوا و حەلەبی ئاوا لە بۆکان و سەقز و مەهاباد و پیرانشار و شنو و لە هەر جێگایەك کە خەڵکی بی مەسکەن گویا بە بی ئیجازەی حاکمانی ئیسلام چوونەتە ژیر پەنایەك هەتا خۆ لە قرچەی گەرمای هاوین و لە سوزی سەرمای زستان بپاریزن، لەو گەرەکانە پاسدارانی حکوومەتی ئیسلام دەوری مالەکان دەگرن، دار و نەداری هەژارانەی دانیشتوانی مالەکان فری دەدەنە دەر و مالەکان ویران دەکەن.

لە نەزەر جمهووری ئیسلامی‌یەوە ئەم کەسانە حەقیان نیە مەسکەنیان هەبی. جمهووری ئیسلامی دەزانی ئەم کەسانە بێجگە لەو چوار دیواری‌یە کە بە قور و پووش دروستیان کردوە هیچ مەنزل و مەسکەنێك شك نابەن. دەزانی ئەگەر ئەم خەڵکە ئیمکان و دەرەتانێکی دیکەیان بۆایە حازر نەبوون لەو جۆرە جێگایانە بژین، دەشزانی ئەم خەڵکە دوای ئەوەی مالەکەیان تەخت کرا، هیچ کونجەخانوویەك شك نابەن رووی تی کەن. دەبی زیلو و حەسیر و دەستەنوین بە کولیان دادەن هەتا بزانن لە پەنا کام دیوار و لە قەراخ کام خیابان و لەژێر کام پرد بارگەیان بخەن.

ئەوانە لە "خارجی مەحدووده"ن! ئەوانە "جەوازی خانوو"یان نیە! ئەوانە حاشیە نشینی شارەن. حاشیەنشینی کۆمەڵن. ئەمانە لەشکری کرێکارانی بێکارن کە بە حکوومەتی سەرمایەداران مەربووت نیە ئەم لەشکرە لە کوی ئوردووگای خۆی لی دەدا، لە کوی هێزی کاری خۆی حەراج دەکا، لە کوی ئازووقەی خۆی پەیدا دەکا و لە کوی دەژی و لە کوی دەمری! حاکمانی چینی سەرمایەدار، وەك فاتحانی مەیدانی شەر، بەرانبەر بەم لەشکرە تەنیا حوکمی خۆیان ئیعلام دەکەن: حەقتان نیە لە قەراخ شارەکان خانوو دروست بکەن، حەقتان نیە لە قەراخ خیابانەکان دەسفرۆشی بکەن، حەقتان نیە "سد معبر" بکەن و، کاتیکیش بیشەرمانە و ریاکارانە هەول دەدەن بۆ شاردنەوەی سیمای سەرکوتگەرانەی خۆیان، دەیان "حەقتان نیە"ی دیکە بە جۆرێکی‌تر بەیان دەکەن. بەرقتان دەوی خۆتان پوولی بدەن، مەدرەسەتان دەوی خۆتان پوولی بدەن، ئاوی خواردنەوەتان دەوی خۆتان پوولی بدەن .. زۆر پێویستی دیکە کە دابین کردنیان دەخاتە ئەستوی خۆدی ئەو کرێکار و زەحمەتکێشانە. ئەویش لە هەلومەرجێك دا کە ئەم خەڵکە توانای دابین کردنی ئەم شتانەیان نیە و بەم جۆرە رژیم عەمەلەن و بە سەراحەت لە حەقی بەهرەمەند بوون لەسەرەتایی‌ترین ئیمکاناتی ژیان مەحروومیان دەکا.

ئەم هێرشەی نوکەران و نوینەرانی حکوومەتی سەرمایە بۆسەر گەرەکەکانی کرێکاران و زەحمەتکێشان لە هەلومەرجیك دایە کە لە شار و دێهاتی کوردستان، لە چەند ساڵی رابوردوودا، هەر لە نەتیجەی شەری مالویرانکەری ئەم رژیمە جینایەتکارەدا، دەیان هەزار کەس ئاوارە و بی مەسکەن بوون. ئەمە لە هەلومەرجێکدایە کە رژیم هیشتا بۆ هەزاران خانەوادەی بی مەسکەن نە هیچ خەسارەتێکی بژاردوە و نە هیچ فکرێکی بۆ کردوونەتەوە. لە هەلومەرجیکدایە کە هیشتا چەندین شار و دی و سەدان گەرەك هەر ویران و چولن.

ئەمانە، ئەو شتەی بە مردووی خۆیانی رەوا دەبینن، بە زیندووی ئێمەی رەوا نابینن! بۆ یەك لەحزە چاو بەم ئامارانەدا بخشینن کە لە رۆژنامەکانی رژیم دا چاپ کراون. بزانن بۆ سازکردنی مەقبەرەی خومەینی چ ئیمکاناتێك خراوەتە کار:

کارکردنی حەوت هەزار موهەندیس و تکنسیەن و کادری شارەزا و شەو و بە رۆژ، بتون ریژی ٨٠ هەزار میتری چوار گوشە لە "سەحنی مەقبەرە"، ئاسفالتی ٩٠ هەزار میتری چوار گوشە بۆ پارکینگ، چاندنی دە هەزار بنە دار و چل هەزار گول بۆ سەوزایی مەقبەرەکە، دە کار کردنی حەفتا هەزار کیلو رەنگ و هەزار تون ئاسن و ٣ هەزار میتری شەش گوشە بتون، تەئمینی بەرق و روشنایی ٨٠٠ هەزار میتری چوار گوشە بە ٩٦ چرای ٢٢ میتری، سەنگفەرشی ٨ هەزار میتری چوار گوشە بە بەردی مەرمەر، ٣٥ هەزار میتر جەدوەلکاری، دانانی نەیرکوندیشن بۆ فینك کردنەوەی ١٠٠ هەزار میتری چوار گوشە، وە کرینی ٣ هەزار و دووسەد میتری چوار گوشە فەرشی دەسچن بە قیمەتی زیاتر لە ١٠٠ میلیون تمەن. ئەمانە هەمووی بۆ مەقبەری ئیمام خومەینی! ئەمە بەرابەرە لەگەل خەرجی تەئمینی مەسکەن و ئیمکاناتی ژیان بۆ چەند گەرەکی زەحمەتکێش نشین؟

**بروانە لا پەرەی ٥**

پێشڕەو

دەورەی دووهەم    ژمارەی ٣٧    ڕەزبەری _١٣٦٩    ئوکتوبری _ ١٩٩٠

# ئازادی بۆ هەموو ئەسیرەکان!

ئەسیرەکانی شەری ئێران و عێراق خەریکن دەگەرینەوە. ئەم رۆژانە دەیان هەزار خانەوادە دوای چەندین ساڵ چاویان بە دیداری ئازیزانیان روون دەبێتەوە. ژنان و پیاوان و منداڵان کەس و کاری ئازاد کراوی خۆیان لە باوەش دەگرن و گەرمای خۆشەویستی سەرتاسەری وجوودیان دادەگری و شادی‌یەك لە دەمارەکانیان دەگەری کە لانی کەم بۆ چەند لەحزە خەم و هەناسە ساردی عومریك مەینەت و هەشت ساڵ کوشتار و مالویرانی‌یان لەبیر دەباتەوە.

شاد بوونەوەتان بە دیداری ئازیزان لێ پیرۆز بی و چاو و دلتان روون!

بەڵام لەوکاتەدا کە ئەسیری تازە ئازادکراو لە باوەش دەگرن، لەو کاتەدا کە دەستە گوڵی پیرۆز بایی بۆ یەکتر دەبەن و لەو کاتەش دا کە بۆ چاو و دل روونی هات و چوی ماڵی یەکتر دەکەن لە بیرتان بی هیشتا گەلیك خانەوادەی‌تر رولەکانیان ئەسیرن. لەبیرتان بی هیشتا هەزاران کەس لە شەریف ترین و خۆشەویست ترین رولەکانمان ئەسیرن. هەزاران کەس کە لە شەرێکی رانەگەیەندراودا ئەسیر کراون: دە ساڵ شەری بە رەسمی رانەگەیندراوی رژیمی جمهووری ئیسلامی لە دژی کۆمەڵانی کرێکار و زەحمەتکێش و خەڵکی ئازادیخواز و هەزاران کەس کە لەسەر دیفاع لە حەقی ئینسانی چەوساوە و ستەم لیکراو، لەسەر دیفاع لە ئازادی‌دا، لە سیاچاڵەکانی جمهووری ئیسلامی توند کراون. کەسانێك کە ناچار بوون بۆ نانی شەوی رولەکانیان خۆ بە نیو ئاگردا بکەن، بە گەرووی ئەژدیهای پاریزەری سەرمایەدا روچن و بەرەنگاری خیلی پاسەوانانی سەرمایە و داگیر کەرانی سەروەتی کۆمەڵ بن و کەسانێك کە هاواریان کردوە: نامانەوەی پێشێل بکریین! ئەوانە هیشتا ئەسیرن.

لە پەیماننامەی سولحی نیوان دەوڵەتان دا داوای ئازادی ئەمانە ناکری هیچ کۆمیسیون و کومیتە و کونوانسیونێکی رەسمی جیهانی‌ناوی ئەمانە لە لیستی ئەو ئەسیرانەدا کە دەبی ئازاد بکرین نانووسی و، لە شەری نیوان چینی کرێکار و پاریزەرانی نەبووە تیپ و گوردانەکانی ئەرتەشی سەرمایەداران بە دیل بگرین کە ئێستا ئازادی رولەکانمانی پی بکرینەوە.

تەنیا حەرەکەتی ئیعتیرازی بەرینی ئێمە دەتوانی ئەو ئەسیرانەمان لە زیندانەکانی جمهووری ئیسلامی ئازاد بکا. هەر ئینسانێکی شەرافەتمەند کە ئازادی بەحەقی مسوگەری خۆی دەزانی، هەرکەس کە پێی وایە دیفاع کردن لە خۆ لە بەرانبەر پێشێل کران دا مافی ئینسانە و هەرکەس حازرە لەسەر ئازادی بەیان و بیرو باوەر و لەسەر کەرامەت و حورمەتی ئینسان، وەجواب بی دەبی بە ریزەکانی ئەم حەرەکەتە پەیوەست بی.

دوژمنانی ئێمە، حاکمانی رژیمی جمهووری ئیسلامی ئەم رۆژانە بە گەرانەوەی ئەسیرەکانی شەری ئێران و عێراق شەپۆوری سەرکەوتنی خۆیان لێ دەدەن. ئەسیرەکان دەبەنە سەر قەبری خومەینی کە بەشارەتی سەرکەوتنی لەشکری ئیسلامی پی بدەن و پەیمانی لەگەل تازە بکەنەوە. دەیانەوی بە گەرانەوەی ئەسیرەکان هەرا و هاوار و تەپ و توزیك بەرپا کەن کە رۆژ رەشی و کویرەوەری نەتیجەی دە ساڵ دەسەڵاتدارەتی خۆیانی تیدا گوم بکەن. دەیانەوی دەرد و ژانی رولە کوژراوی و کوست کەوتوویی لەبیر دەیان هەزار خانەوادەی ئازیەدار و رەشپوشی قوربانیانی ئەم شەرە مالویرانکەرە بەرنەرە. دەیانەوی ئەوە بە چاوی هەموان دا بدەنەوە کە ئەو دەیان هەزار ئینسانەی لە شەری دیفاع لە موقەددەساتی سەرمایەدا و لە شەری دیفاع لە بەرژەوەندی دەسەڵاتدارانی رژیمی ئیسلامی دا ئەسیر کرابوون سەرکەوتوانە گەراونەتەوە.

لەم هەلومەرجەدا ئێمەش دەبی هەر چەندی دەنگی ئیعترازمان دەروا هاوار بکەین: کەسانێك کە لە شەری دیفاع لە موقەددەس ترین ئامانج و ئارەزووەکانی بەشەر دا ئەسیر کراون دەبی ئازاد کرین!

کرێکاران!

لە بیرمان بی کە بەشێك لە لەشکری ئێمە، بەشێك لە لەشکری ئینسانی ستەم لیکراو و چەوساوە، کۆمەڵێك لە تێکۆشەرانی رێگای رزگاری ئینسان، ریزیك لەو کرێکارانە کە دیفاع لە نانی رولەکانمان دەکەن، هیشتا لە زیندانەکانی جمهووری ئیسلامی دان.

ئەگەر ئەمرۆ حاکمانی جمهووری ئیسلامی بە گەرانەوەی ئەسیرەکانی شەری ئێران و عێراق سەرکەوتنی خۆیان رادەگەیەنن ئێمەش دەبی بە هەلبرینی دەنگی ئیعتیرازمان و بە خەباتی خۆمان بۆ ئازادی کرێکارانی تێکۆشەر و زیندانیانی سیاسی، بەردەوام بوونی خەباتی خۆمان و عادلانە بوونی ویست و داخوازەکانمان رابگەیەنین.

بۆ تەواوی ئەو کەسانە کە خوازیاری کوتایی پی هاتنی ستەم و سەرکوت، خوازیاری کوتایی پی هاتنی بی مافی و هەژاری و برسیەتی و خوازیاری ئازادی و عەدالەتی کۆمەڵایەتین، خەبات بۆ ئازادی زیندانیانی سیاسی و کرێکارانی زیندانی کراو، بۆ ئازادی کەسانێك کە تاقە تاوانیان مل نەدانە بە ستەم و سەرکوت و بی مافی و ژێر دەستەیی، ئەرکیکی گرینگ و فەوری‌یە.

با لە نەتیجەی خەبات و ئیعتیرازی یەکپارچەمان دا شاهیدی ئازاد کرانی هاوری و رولە ئەسیرەکانمان بین. با خۆشەویست ترین تێکۆشەرانی نیو سەنگەرەکانی خەباتی چینایەتیمان کە لە زیندان دینەدەر، بگرینە نیو ئالقەی خۆمان و گولبارانیان بکەین. با شاهیدی ئەوە بین کە ئەوانیش دەگەرینەوە نیو کوری گەرمی خانەوادەی خۆیان: خانەوادەیەکی بەرین کە تەواوی زۆرلیکراوان و چەوساوەکان دەگرێتە بەر.

***

## (پاشماوەی) گورینی‌ی ئارایشی تەشکیلاتی کۆمەڵە رێکخستنی ..........

بەڵام ئەمە نە خەتای "زەعفی ئیدەئولوژیکی" کەسیکە و نە لە فەراموشکاری یان گریمان لە کەم کاری کەسیکەوە سەرچاوەی گرتوە. ئەمە هەمووی لەم بزووتنەوە کۆمەڵایەتی‌یەوە سەرچاوەی گرتوە کە کۆمەڵە لە ریزی پێشەوەی دایە و رابەری دەکا. کۆمەڵە لە باری کۆمەڵایەتی‌یەوە لە ریزی پێشەوەی جیناحی چەپی بزووتنەوەی گشتی لە دایك بوو و گەشەی کرد.

ئەوەی کۆمەڵەی ئەمرۆی شکل پێدا و ئەوەی سازمانەکەی، ئەولەوییەتەکانی و مەشغەلەکانی و نورم و ئیستاندارده تەشکیلاتی‌یەکانی لە قالب دا ئەو بزووتنەوە کۆمەڵایەتی‌یە بوو کە کۆمەڵە کەوتە ریزی پێشەوەی. هەرچەند کە چوارچێوە و ئاسوی ئەم بزووتنەوەیە لەگەل ئاسوی فکری ئەم یان ئەو کور و دامەزرینەری کۆمەڵەیەکی نەگرتبیتەوە، بەڵام خەسلەت و جێگا و شوێنی حیزبە سیاسی‌یەکان ناکری بە پێی ئەو ئامانجانە دیاری بکری کە رەنگە لە میشکی پێك هێنەرانی‌دا بووبی. حیزبەکان لەسەر زەمینەی بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی و لە جەرگەی وەڵامدانەوە بە پێویستی‌یەکانی خەباتێك و بزووتنەوەیەکی کۆمەڵایەتی‌دا شکل دەگرن و گەشە دەکەن. حیزبەکان شوێنی رێکخراو بوونی هەڵسووراوانی ئەم خەبات و بزووتنەوە کۆمەڵایەتی‌یەن.

کۆمەڵە لە دەورەی قیام دا و پاشانیش لە دەورەی سازمان دان و رابەری موقاومەت بەرانبەر بە جمهووری ئیسلامی‌دا، چووە ریزی پێشەوەی جیناحی چەپی بزووتنەوەی گشتی. کۆمەڵە لەسەر ئەم زەمینە کۆمەڵایەتی‌یە بووە شوێنی کو بوونەوە و رێکخستنی هەڵسووراوانی رادیکالی بزووتنەوەی گشتی، لە دانش ئامووز و موعەلیمی نارازی بگرە هەتا جووتیارانی دەستەنگ و رووناکبیرانی چەپی رادیکال و تەنانەت کرێکارانیش بە شێوەی تاکە تاکە. لەو نیوەدا بزووتنەوەی کرێکاری و هەڵسووراوانی نەك هەر جێگا و شوێنی تایبەتیان وەدەس نەهێنا، بەڵکوو بە هێرشی جمهووری ئیسلامی بۆ سەر کوردستان و هەڵدرانی ئالای خودموختاری لەسەرووی هەموو مەسەلەکانی کۆمەڵ، گیرانی شارەکان لە لایەن رژیم و پێویستی‌ی سازماندانی خەباتی چەکدارانە لە دەرەوەی شارەکان، بۆ دەورەیەك پەیوەندی موجوودی نیوان کۆمەڵە و بزووتنەوەی کرێکاری پچرا و کۆمەڵە پتر لە پێشوو بە ئولگووی هەڵسووراوانی سوننەتی لە کوردستان نزیك بووەوە.

مەسەلە ئیراد گرتن لە زیادە رەوی کردن لە خەباتی چەکدارانەدا، "زل" نەکردنەوەی و کەم بایەخ دان بە پێشمەرگەی کۆمەڵە نیە. لە بەبوونی خەباتی چەکدارانەدا کۆمەڵە نەیدەتوانی خۆی وەك هێزێکی کۆمەڵایەتی پەرە پی بدا و ئەو نزیکایەتی‌یەی کە ئێستا لەگەل چینی کرێکاری هەیە وەدەس بێنی. خەباتی چەکدارانە لە کوردستان و دەور و نەقشی چارەنووس سازی، وەڵامیکی شۆرشگێرانە بوو کە ئەگەر کۆمەڵە خۆی لی لادابا بێگومان دەخرایە حاشیەی کۆمەڵ. هەروەها خۆدی خەباتی چەکدارانە و هەڵسوورانیك کە بە دەوری‌دا ریکخرا، فەزایەکی سیاسی و ئیعتیرازی ئاوالەتری لە چاو شوێنەکانی‌تری ئێران لە کوردستان پێك هێنا، کۆمۆنیستەکان و رێکخراوی کۆمۆنیستی‌ی لە چوارچێوەی حیزبی چەکداردا رێکخست و جی‌گیری کرد و ئەم دەرفەتەی پێك هێنا کە کۆمۆنیستەکان و حیزبەکەیان لە هەلومەرجی پێویست دا (کە ئەم پێویستی‌یەش هاتە پێش) بەرانبەر بە بورژوازی و حیزبە چەکدارەکەی نەبنە قوربانیانی دەست و پی بەستراو. چینی کرێکار لە کردەوەدا پتر لە هەموان لەم دەسکەوتە کەلکی وەرگرت، خەباتی چەکدارانە دەبی بمینی تا ئەم هەلومەرجە بپاریزری.

سەرەرای هەموو ئەمان مەسەلە ئەوەیە کە کۆمەڵە بە هاتنە گۆری پێویستی سازماندانی خەباتی چەکدارانە بە جاریك لە رێکخراویکی جەماوەری‌یەوە کە هێزی خۆی ئەساسەن لە شارەکان وەر دەگرت بووە رێکخراویکی مەحدود بە خەباتی چەکدارانە کە پتر رووی لە دێهات بوو. هەروەها شکلی تەشکیلاتی، ئولگووی تیدا هەڵسووراوانی و مەشغەلە و ئەولەوییەتەکانی رابەری‌یەکەی لە چوارچێوەی بزووتنەوەی گشتی‌دا لە قالب درا کە ئێستا شکل و شێوەی چەکدارانەی بە خۆوە گرتبوو.

حیزبی کرێکاری دەتوانی لەهێندیك دەورەدا خەباتی چەکدارانە رێك بخا و تەنانەت لە هیندیك هەلومەرجدا ئەم خەباتەی لی "زل" بیتەوە (وەك دەورانی قیام و شەری نیو خۆ)، بەڵام ئەمە ئاڵ و گۆریك لە خەسلەتی کرێکاری‌یەکەی دا پێك ناهینی دیسانیش هەموو کەس دەبینی کە ئەمە حیزبی کرێکاری‌یە کە خەباتی چەکدارانە ریك دەخا و رابەری دەکا و لە هەمان حالیش دا هەر بنەرەتی لەسەر ئەساسی حەوزەکان، کۆر و کۆمەڵ و رێکخراوە کرێکاری‌یەکان دامەزراوە، سەر و خوار و پلە جۆراوجۆرەکانی ئەساسەن لە رابەرانی کرێکاری و ئەو کومینانە پێك دی کە ئەم رابەرە کرێکاری‌یانەی تیدا رێکخراوە. حیزبی بولشویك نموونەی بەرچاوی حیزبیکی وایە. سازماندانی قیام و پاشان شەری نیو خۆ هیچکامیان ئەوەی بەسەر ئەو حیزبە نەهینا کە لە روالەت دا پێویستی‌ی خەباتی عەلەنی، چەکدارانە و جەماوەری بەسەر ئێمەی هێنا. تەنیا کەسانیك تووشی بەلای جیا بوونەوە لە کرێکار دەبن کە هەر لە سەرەتاوە کرێکار نەبوون. کرێکار و حیزبی کرێکاری ناتوانن لە شوێنی کرێکاری جیا ببنەوە. ئەمە تەنیا خاسییەتی بزووتنەوەی کۆمەڵایەتی‌یە غەیرە کرێکاری‌یەکان و رووناکبیران و خویندەوارانی کۆمەڵە کە دەتوانن تەسمیم بگرن و ئەمرۆ کار و باری کرێکاران گرینگە و بەیانی ئەم کار و بارەیان "لەبیر بچێتەوە"، "ئاسویان بگوری" و بە هەر حال شتیکی دیکە جێگای کرێکاریان بۆ بگرێتەوە و ئولگوویەك بۆ هەڵسوورانیان هەڵبژێرن کە کرێکاران نەتوانن ژیان و خەباتی ئاسایی رۆژانەی خۆیانی تیدا بەرنە پێش. کرێکار، کرێکارە و ژیانی رۆژانە دەرفەتی خولەبیر چوونەوەی پی نادا و حیزبی کرێکاریش کە بە مەوجوودییەتی کۆمەڵایەتی و زەمینەی کرێکاری‌یەوە گری دراوە، حیزبیکیش کە کۆر و کۆمەڵی رابەرانی کرێکاری لە خۆدا کۆکردبێتەوە، ناتوانی خۆی لە بیر بچێتەوە. لە هەرحال دا ئەگەر ئەم وەزعە لە مەوقعییەتێکی کۆمەڵایەتی‌یەوە هەڵقولابی، گورینی ئەم وەزعەش بە "تەزکیەی نەفس" و نە "پالاوتنی ئیدەئولوژیك" و نە بە "کاریکی بەرینی ئامووزشی" ناکری. ناسینی ئەو بزووتنەوەی کە ئێمە رابەری دەکەین، دەرك کردنی کاملی جیاوازی‌یەکانی ئەم بزووتنەوەیە لەگەل بزووتنەوەی کرێکاری، راگەیاندنی رەسمی و ئاشکرای ئەم تێگەیشتن و خۆ وشیاری‌یەی خۆمان بە کرێکاران، بە رەسمی راگەیاندنی ئاشکرای کۆمەڵەی کرێکاری بەڵام غەیرە رەسمی مەوجوود و بە شێوەی واقیعی بە حیساب هێنانی بیر و رای ئەندامانی ئەم کۆمەڵە کرێکاری‌یە لە دیاری کردنی سیاسەت و فونکسیونە تەشکیلاتی‌یەکاندا، راگەیاندنی کۆمەڵەی رەسمی ئێستا وەك بەشێك و لقیك لە کۆمەڵەی مەوجوود و مەربووت کردنەوەی کامل و تەواوی کۆمەڵە بە بزووتنەوەی کرێکاری لە هەموو باریکەوە دەتوانی ئەم وەزعە بە شێوەیەکی بنەرەتی بگوری.

سەر لە نوی ئارایش پێدانی تەشکیلاتی کۆمەڵە هەنگاویکە لەم رێگایەدا. مەبەست لەم سەر لە نوی ئارایش پێدانە، راگەیاندن و رەسمییەت پێدانی کۆمەڵەی ئێستا (کۆمەڵەی رەسمی و چەکدار) وەك لقی نیزامی کۆمەڵە، لقی نیزامی رێکخراوێکی کرێکاری کە بربرە پشتی لە شارەکان و لە نیو کرێکاران دایە. ئەمە هەر وەها راگەیاندنی ئەو مەسەلەیە کە ئولگوو و نموونەی ئەسلی‌ی ئەندامێکی کۆمەڵە و کادرێکی کۆمەڵە هەڵسووراو و رابەری کرێکاری‌یە. ئەم تەرحە ریبەرایەتی سەراسەری‌ی کۆمەڵە، کە بە پی قاعیدە دەبی بەر لە هەموو شتیك رابەری بزووتنەوەی ئیعترازی‌ی کرێکاران لە کوردستان بی، لە ریبەرایەتی لقی نیزامی کۆمەڵە جیا دەکاتەوە و سەرئەنجام ئەم هەنگاوە بۆیە بە تەمای ئەوە هەڵدەگیری کە لە پال راگەیاندنی ئەم دوایی‌یانەی کومیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیست و ئەو فەعالییەتانەی کە دەبی لە پەیوەند لەگەل ئەمەدا بەریوە بچی، کۆمەڵەی غەیرە رەسمی وەك بربرە پشتی کۆمەڵە رەسمییەت پی بدا و بیکاتە شوین و بەستەری سەرەکی‌ی کۆمەڵە.

سەرجەمی ئەو ئیقداماتەی کە ئەگەر بکری جێگا و شوینی کۆمەڵایەتی کۆمەڵە دەگوری.

بە گورینی جێگا و شوینی کۆمەڵە، دیمەنی کۆمەڵەش دەگوردری. لە جیاتی دیمەنیك کە ئێستا کۆمەڵە هەیەتی دیمەنیکی وا پێك دی کە کۆمەڵە بریتی دەبی لە رێکخراوی رابەران و هەڵسووراوانی کۆمۆنیستی کرێکاران کە لە شارەکانی کوردستانن و هەروەها هێزی چەکداری کۆمەڵە لە قەرارگا نیزامی‌یەکانی خۆی لە ناوچەکانی سنووری کوردستان دا جی‌گیر دەبن و ریبەرایەتی کۆمەڵە کە لە راستی‌دا ریبەرایەتی ئەم حیزبە کرێکاری‌یەیە، وەك هەموو ئەو حیزبانەی کە هەلومەرجیکی ئاوایان هەیە لە تەبعیددا دەبن.

بەم جۆرە نەتیجەگیری ئەو ئیقداماتەی کە دەبی بۆ سەر لە نوی ئارایش پێدانی تەشکیلاتی کۆمەڵە بەریوە بچی کاریکی دژوار نابی. سەر خەتە سەرەکی‌یەکانی ئەم ئیقداماتە لە بەڵگەیەکی نیوخۆیی‌دا کە پلینومی شەشەمی کومیتەی ناوەندی‌ی کۆمەڵە پەسندی کردوە، دیاری کراوە کە گرینگترین خالەکانی بەم جۆرەیە:

بێجگە لەو بەشە لە ئورگانەکانی کۆمەڵە کە هەڵسوورانیکی سەراسەری‌یان هەیە، وەك "کومیتەی تەشکیلاتی نیهنی"، "رادیو دەنگی شۆرشی ئێران" "ئینتیشارات" و ئورگانی لەم چەشنە، هەموو پێشمەرگەکانی کۆمەڵە، ئورگانە تەدارەکاتی‌یەکان، ئورگانە خەدەماتی‌یەکان، ئورگانە ئامووزشی‌یەکان و ئورگانە دەرمانی‌یەکان و... بە "هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە" نیو دەبرین و دەچنە ژێر مەسئوولییەتی "ستادی فەرماندەهی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە"وە "ستادی فەرماندەهی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە" مەسئوولی سازمان دان و بەرێوە بردنی هەموو جۆرە هەڵسوورانێکی نیزامی و سیاسی‌ی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە، کار و باری تەبلیغی (راگەیاندنی هەوالی عەمەلیاتەکان و شتی لەم چەشنە)، کار و باری پشتیوانی و هەموو کار و باریکی حیزبی‌ی ئەم هێزە دەبی و بە پێی سیاسەتەکانی کومیتەی ناوەندی‌ی کۆمەڵە ئەم ئەرکانە بەرێوە دەبا. بەم جۆرە ریبەرایەتی کۆمەڵە کە تا ئێستا ئەم دەور و نەقشەی بەرێوە بردوە دەبی ئەساسەن رووبکاتە مەیدانی کار و هەڵسوورانی کرێکاری.

شکلی سازمانی‌ی هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵەش بە پێی ئەم ئاڵ و گۆرانە، دەگوردری. ئەو بەشانەی کە ئێستا بە تەشکیلاتی محەللی، وەك: "تەشکیلاتی سنە"، "تەشکیلاتی سەقز"، "تەشکیلاتی مەهاباد" و... نیو دەبرین، و لە راستی‌دا هێندێك بەشی تەشکیلاتی نیزامی‌ی مەوجوودن، هەڵدەوشینەوە و دیارە کومیتەی ناوچەکان و کومیتەی مەنتەقەکانیش هەڵدەوەشینەوە. تەشکیلاتی محەللی کۆمەڵە لە ئەساس دا تەشکیلاتی هەڵسووراوان و رابەرانی کرێکاری لە شارە جۆراوجۆرەکان دەبی کە سیاسەتی سازماندەهی ئێمە لە نیو کرێکاران دا بەرەوپێش دەبا و پەرەی پی دەدا و هاو ئاهەنگی دەکا. هێزی پێشمەرگەی کۆمەڵە لە باری سازمانی‌یەوە ئارایشی کاملی نیزامی بەخۆ دەگری و لە دەستە، پەل، گوردان و تیپ دا سازمان دەدری. کولەکەی حیزبی ئەم سازمانە نیزامی‌یە هەر وەك پێشوو شەبەکەی حەوزە حیزبی‌یەکان دەبی.

بروانە لاپەری ٤

WORKERS OF ALL COUNTRIES, UNITE!

# PESHRAW

Fortnightly Paper of the Central Committee of Komalah

No: ٣٧ October: ١٩٩٠

## کارگر امروز

"کارگر امروز" گوڤاریکی فارسی و ئینگلیسی‌یە کە تا ئێستا ٥ ژمارەی لە دەرەوەی وڵات دەرچووە. لە میژبوو بوشایی گوڤاریکی ئەنترناسیونالیستی و کرێکاری بە زمانی فارسی هەستی پی دەکرا، گوڤاریك کە خوینەرانی خۆی لەگەل ژیان و خەبات و هەوالی هەڵسوورانی کرێکارانی جیهان ئاشنا بکا. بیگومان بۆ هەلسووراوانی سوسیالیستی دەرەوەی وڵات دەرچوونی ئەم گوڤارە، هەنگاویکی پر سەمەرە بۆ پر کردنەوەی ئەم بوشایی‌یە.

رەزا مقدەم سەردەبیری "کارگر امروز" لە یادداشتی سەردەبیر لە ژمارەی یەکەم دا سەبارەت بە مەبەستی گوڤارەکە دەلی بە تەمایە خوینەرانی خۆی بە روانگەیەکی سوسیالیستی‌یەوە بەریتە دنیای کرێکاران و لایەنە جۆراوجۆرەکانی ژیان و خەبات و رێکخراوەکان و هەڵسوورانی کرێکارانی جیهان ئاگاداریان کا و ئێستا پاش دەرچوونی ٥ ژمارە دەرکەوتووە کە "کارگر امروز" لە وەدی هێنانی مەبەستی دا سەرکەوتوە. بێجگە لەوەی خوینەرانی خۆی لەگەل بزووتنەوەی جیهانی و بەرینی کرێکاری ئاشنا دەکا، خوینەران و هەڵسووراوانی غەیرە فارسیش لەگەل مەینەت و ئامانج و خەباتی کرێکارانی ئێران ئاشنا دەکا.

هەڵسووراوانی سوسیالیست و هەر کەس خۆی بە بەشێك لە بزووتنەوەی سوسیالیستی‌ی کرێکاری دەزانی ناتوانن سەبارەت بە "کارگر امروز" بی تەفاوەت بن. ئەوان "کارگر امروز" بە یار و یاوەر و یاریدەدەری خۆیان و خوشیان بە یاریدەدەری "کارگر امروز" دەزانن و کومەکی دەکەن.

بە هیوای ئەوی "کارگر امروز" ببیتە رۆژنامەی رۆژانەی کرێکارانی ئێران.

***

# گورینی‌ی ئارایشی تەشکیلاتی کۆمەڵە ڕێکخستنی تەشکیلاتی کرێکاری بە لقی نیزامی‌یەوە

کۆمەڵە بەدرێژایی فەعالییەتی خۆی گەلێك جار بەرەولای کرێکاران گوراوە و لەم جیهەتەدا ئارایشی تەشکیلاتی خۆی گوریوە. بەڵام ئەم ئاڵ و گۆرانە نەیانتوانیوە سیمای تەشکیلاتی کۆمەڵە بکەنە سازمانێکی کرێکاری کە لقێکی نیزامی هەیە. سەرەرای باشتر بوونی جیدی پەیوەندی کۆمەڵە و چینی کرێکار لە کوردستان و سەرەرای ئەوەی کۆمەڵە لە چەپی رادیکال دوور کەوتوتەوە، هێشتا ئەو شتەی هەڵسوورانی ئێمە لە کوردستان دیاری دەکا، ئەو ویچوون و شەباهەتانەیە کە لەگەل تەشکیلاتی سوننەتی‌یەکان هەیەتی. هیشتاش لە هەرکەس بپرسی کۆمەڵە لە کوی‌یە؟ ئوردووگا نیزامی‌یەکانی کۆمەڵەت نیشان دەدا. هیشتا ئولگووی ئەندامی حیزبی کۆمۆنیست لە کوردستان، چ بە لای خۆدی ئەو تەشکیلاتەوە و چ بە لای کرێکاری لایەنگری ئەو تەشکیلاتەوە، ئەوەیە کە ئەندام لە مەیدانی هەڵسوورانی نیزامی‌دا کاربکا و هەڵسووراوانی ئەم مەیدانە گرینگی و پرستیژیکی زیاتریان لە هەڵسووراوانی کرێکاری هەیە و هیشتاش ئەولەوییەتەکان و مەشغەلەی ئەم مەیدانەی هەلسووران. گورینی ئارایشی تەشیکلاتی کۆمەڵە ئەم جار بۆ ئەوەیە کە هەنگاوێکی گرینگ بەرەو گورینی کوللی ئەم وەزعە هەڵگری.

هاوری عمر ئیلخانی زادە لە گوڤاری "پیشرەو"ی ژمارە ١٨دا، لە مەقالەیەك دا بە نیوی: "گورینی ئارایشی تەشکیلاتی کۆمەڵە و مەبەست لەم گورینە" هەولی داوە ئەم مەسەلەیە لە روانگەی خۆیەوە شی کاتەوە. بەڵام بە بروای من لە شی کردنەوەی دەلیل و بنەمای ئەم کارەدا سەرکەوتنی وەدەس نەهێناوە.

بەدەستەوەدانی دیمەنێکی روشن لە هۆیەکانی ئەم ئارایش گورینە لە هەموو باریکەوە گرینگی‌یەکی حەیاتی هەیە. ئەم دیمەنە نەك هەر نەقشەی ئەمرۆمان بۆ گورینی ئارایشی تەشکیلاتی بەدەستەوە دەدا بەڵکوو لەوەش گرینگتر ئەو دیمەنەی کە ئێمە لە حیزبی کرێکاری‌مان هەیە و ئەو ئامانجەی کە ئێمە بۆ خۆمان دیاری کردوە نیشان دەدا. ئەم وتارەی ئێستا دەیخوێننەوە هەولدانیکە بۆ روون کردنەوەی ئەم مەسەلەیە. بۆچوونەکانی ئێمە سەبارەت بەم باسە پێشتر لە ئەدەبیاتی کۆمۆنیزمی کرێکاری‌دا باسی کراوە. (هەروەها هاوری عبداللە مهتدی لە نووسراوەیەکدا بە نیوی "داهاتووی تێکۆشانمان لە کوردستان" لە ژمارەی ٥١ی گوڤاری "کمونیست"دا سەرخەتەکانی شکلی تەشکیلاتی کوردستانی حیزبی دەست نیشان کردوە.)

گورینی ئارایشی تەشکیلاتی کۆمەڵە لە باری ئیقداماتی تەشکیلاتی‌یەوە هەر وەك دواتریش روونی دەکەمەوە شتێکی ئالوز و پێچیدە نیە. بەڵام بەشیکە لە وەڵامی گیر و گرفت و مشکلیکی گرینگ. موشکلی یەك نەگرتنەوەی کۆمەڵە لەگەل نیاز و پێداویستی‌یەکانی رۆژانەی کرێکار و یەك نەگرتنەوەی ئەم تەشکیلاتە لەگەل قالبی ئاسایی ئیعتیرازی کرێکاری.

هەروەك گەلیك جار باسمان کردوە، حیزبی کرێکاری ئەگەر بەراستی و لە باری کۆمەڵایەتی‌یەوە کرێکاری بی، پێش هەموو شتێك قالبی ئیعتیرازی کرێکارە. هەر کرێکاریك کە بیهەوی ئیعتیراز بکا خۆی نەك بە لایەنگری ئەو حیزبە بەڵکوو دەبی خۆی بە بەشیك لەو حیزبە بزانی. حیزبی کۆمۆنیستی کرێکاری، حیزبی گەرایشیکی دیاری کراو لەنیو کرێکاران دایە. ئەم حیزبە، شوێنی سەرەکی هەڵسوورانی شوێنی کرێکارانە و تەبلیغەکەی، ساختمانەکەی، رابەری پایە جۆراوجۆرە حیزبی‌یەکانی، گرینگی کادرەکانی، مەشغەلە و دل نیگەرانی‌یەکانی، هەموویان کرێکارین و ئولگووی ئەندامی هەڵسووراو و کادری ئەو حیزبە، ئولگووی کرێکاریکی هەڵسووراو و رابەریکی کرێکاری‌یە. گەشە کردن و کز بوونی ئەم حیزبە راستەوخۆ بە گەشە کردن و کز بوونی بزووتنەوەی کرێکاری‌یەوە گری دراوە، رۆژ رەشی و هەژاری لە نیو کرێکاران دا دەبیتە هۆی ئەوەی ئەو حیزبە تووشی گیر و گرفتی مالی بی، هەڵسووراو بوونی هەر گەرایشێکی نیو کرێکاران راستەوخۆ بە چاك یان بە خراپ تەئسیر دەکاتە سەر هەڵسوورانی ئەم حیزبە. هەرکەس بیهەوی حیزبیکی ئاوا نیشان بدا دەسبەجی دەست بۆ شوێنە کرێکاری‌یەکان رادەدیری ئیتحادیەکان و شووراکان نموونەیەکی باشی تەشکیلاتی کرێکارین. کرێکاریك کە بیهەوی خەبات بکا بە شێوەی ئاسایی لە قالبی ئەم رێکخراوانەدا دەیکا. حیزبی کرێکاری هەر جیاوازی یەکیشی لە باری ئامانج و تەیفی ئەو کرێکارانەی کە دەیانگرێتە بەر لەگەل شوورا و ئیتحادیە هەبی، لەم بابەتەوە لەگەلیان یەکیسانە. هەر کرێکاریك کە خۆی لە ئامانجەکانی ئەم حیزبە بە نزیك بزانی، ئەم حیزبە بە قالبی رێکخراو بوونی خۆی و بەرەو پێش بردنی خەباتی رۆژانە و درێژ خایەنی خۆی دەزانی.

پەیوەندی کۆمەڵە لەگەل چینی کرێکار لە کوردستان لە سالانی رابوردوودا گەلێك گوراوە. کۆمەڵە لە رێکخراوی پوپولیستی‌یەوە بووەتە تەشکیلاتیکی کۆمۆنیستی کە لە ئامانجە کرێکاری‌یەکان دەدوی. هەڵسووران و تەبلیغاتی کۆمەڵە لە نیو کرێکاراندا خیرا و بەهێز کردوە و کۆمۆنیزم و سوسیالیزم و ئامانجی کرێکاری‌یەکان حەققانییەتێکی بەرینیان لە کۆمەڵدا وەدەست هێناوە. کۆمەڵە هێزی خۆی لە کۆمەڵدا لەو واقعییەتانە وەر گرتوە و چینی کرێکار دەرفەتی گەشە و هەڵدانی کۆمەڵەی بەرانبەر بە حزبی دیموکرات پێك هێناوە. بەڵام کۆمەڵە وەك رێکخراوێك هیشتاش لە دەسترەسی کرێکاران دوورە. کۆمەڵە لە دەرەوەی چوارچێوەی رەسمی و تەشکیلاتی خۆی لە نیو چینی کرێکار و خەباتی کرێکاری کۆمەڵەیەکی دیکەی پێك هێناوە کە غەیرە رەسمی‌یە. کۆمەڵەی کرێکاری لە لایەن کۆمەڵەی رەسمی‌یەوە بە رەسمی ناناسری و تەنانەت خۆیش خۆی بە رەسمی ناناسی. ئەو کۆمەڵەیە تێکرای ئەو کرێکارە تێکۆشەرانەن کە لە دەرەوەی تەشکیلاتی کۆمەڵەن کە کۆمەڵە رووی قسەیان تیدەکا. کۆمەڵەی کرێکاری لە سازمانی حیزبی کۆمەڵەدا، لە ئەولەوییەتەکان و مەشغەلەکانی ریبەرایەتی کۆمەڵەدا جیگایەکی گرینگی نەبووە. ئەندامانی کۆمەڵەی کرێکاری تەنانەت نەیانویراوە خۆ بە ئەندامی کۆمەڵە و حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بزانن و کاتیك بە تەشکیلاتی کۆمەڵە پەیوەست دەبن دەرفەت و ئیمکانی گەشە و هەڵدان و وەئەستو گرتنی مەسئوولییەتیان نیە. ئەرکەکانی لەم تەشکیلاتەدا بە شێوەیەکن کە رووناکبیری خویندەوار دەتوانی بو وەئەستو گرتنیان خۆ کاندید کا. زمانی تەبلیغاتی کۆمەڵە زمانێکی کرێکاری نیە و بۆیە ئەوە کرێکار نیە کە دەتوانی لە تەبلیغاتی کۆمەڵەدا دەور و نەقشێك وەئەستو بگری. پەیوەندی ناو خۆیی‌یەکانی کۆمەڵە و مەسەلەکانی بۆ کرێکار هێندە ئالوز و پێچیدەیە کە کرێکار بە دژواری دەتوانی دەور و نەقشیکی شیاوی خۆی تیدا وەئەستو بگری و... بە کورتی کۆمەڵە، رەسمەن بریتی‌یە لە تەشکیلاتە چەکدارەکەی. کرێکار هەمیشە ئولگووی پێشمەرگەی کۆمەڵەی بۆ خو هەڵسەنگاندن وەك ئەندامی کۆمەڵە لە بەرچاو و دیارە هەر وەك کوتمان ناویری خۆی بە ئەندامی کۆمەڵە بزانی. بۆ ئەویش کۆمەڵە، یان بە قەولی خۆیان "کورەکان" چ لە باری جوغرافیایی‌یەوە و چ لە باری سازمانی‌یەوە لیی دوورن. ئەمە بە ئاشکرا ناکوکی لەگەل تەشکیلاتیکی کرێکاری هەیە.

ل٨

# راگەیاندنی کوتایی پی‌هاتنی پلینۆمی هەژدەهەمی کومیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

پلینومی هەژدەهەمی کومیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران لە مانگی خەرمانانی ١٣٦٩دا_ رێکەوتی مانگی سپتامبری ١٩٩٠_ بەرێوە چوو. دەستووری کۆبوونەوەکانی پلینوم بریتی بوون لەمانە:

لیکولینەوەی گوزارشی دەبیری کومیتەی ناوەندی، وەزعییەتی سیاسی ئێستا لە رۆژهەڵاتی ناوەراست و تەئسیراتی لەسەر تێکۆشانی حیزب لە کوردستان، دیاریکردنی ئورگانەکانی رابەری حیزبی و، هەڵبژاردن.

لەباسی وەزعییەتی رۆژهەڵاتی ناوەراست دا، ویرای قسەکردن لەسەر رەوەندە ئیحتمالی‌یەکان لە رەوتی وەزعییەتی مەنتەقەدا، پلینوم تەئسیراتی ئەم ئاڵ و گۆرانەی لەسەر تێکۆشانی حیزب لە کوردستان دایە بەر لیکولینەوە.

لەم پلینومەدا سەرخەتەکانی بەرنامە عەمەلی فراکسیونی کۆمۆنیزمی کارگەری درا بە کومیتەی ناوەندی. هەروەها بە پێی پێشنیاری فراکسیون، پلینوم تەسمیمی گرت لە سەرووی حیزب دەفتەری سیاسی پێك بی. منصور حکمت، کورش مدرسی، رەزا مقدەم و ایرج ئازەرین ئەندامی دەفتەری سیاسی هەڵبژیردران. پلینوم بە تیکرای دەنگ منصور حکمتی بۆ دەبیری کومیتەی ناوەندی هەڵبژارد.

کومیتەی ناوەندی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران

خەرمانانی ١٣٦٩

***

# راگەیاندنی پێك هاتنی فراکسیونی کۆمۆنیزمی کارگەری لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا

دوای هاتنە گۆری باسەکان و بۆچوونەکانی کۆمۆنیزمی کارگەری لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا و بە مەبەستی بەرەو پێش بردنی هەرچی پەیگیرانەتری ئەو سیاسەتانە کە لەم بۆچوونانەوە سەرچاوە دەگرن، لە راگەیاندنێك دا کە رۆژی ٢٠ی جۆزەردانی ١٣٦٩ (رێکەوتی ١٠ی ژوئەنی ١٩٩٠) روو لە تێکۆشەرانی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بلاو کرایەوە، فراکسیونی کۆمۆنیزمی کارگەری لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا مەوجوودییەتی خۆی راگەیاند. سەرخەتی ئامانجەکانی ئەم فراکسیونە بریتین لەمانە:

١- دیفاع لە مارکسیزم و ئامانجی شۆرشی سوسیالیستی کرێکاری بەرانبەر بە شەپولی هێرشی بەرینی کۆمەڵی بورژوایی.

٢- هەولدان بۆ گەیشتن بە ئاسویەکی بەرنامەیی، ستراتیژیکی و سیاسی روشن بۆ بزووتنەوەی سوسیالیستی کرێکاری.

٣- بەشداری کردن لە ئەرکی یەکگرتوو کردنی تێکۆشەرانی بزووتنەوەی کۆمۆنیزمی کارگەری و بەشە جۆراوجۆرەکانی ئەم بزووتنەوەیە لە ریزیکی واحیدی ئەنترناسیونالیستی‌دا.

٤- بەشداری کردنی یەکگرتوانە و رێکخراو لە جەبهە جۆراوجۆرەکانی خەباتی کرێکاری دا.

٥- پێك هێنانی ریزیکی پتەو لە رابەران و کادرەکان و تێکۆشەرانی سوسیالیزمی کارگەری لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا بۆ دەخالەتی هەڵسووراوانە لە پراتیکی سیاسی و چارەنووسی نیهایی حیزبی کۆمۆنسیتی ئێراندا.

٦- هەولدان بۆ تەبدیل کردنی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بە حیزبێکی یەکپارچەی کۆمۆنیستی کارگەری.

٧- هەولدان بۆ جێگیر کردنی رابەری فیکری و عەمەلی کۆمۆنیزمی کارگەری لە حیزبی کۆمۆنیستی ئێراندا هەر لە ئێستاوە و بەرێوە بردنی رابەری‌یەکی کۆمۆنیستی لە حیزبدا. زال بوون بەسەر ئەو سستی و مانعانەدا کە گەرایشەکانی‌تر بەسەر خەباتی کۆمۆنیستی حیزبی‌دا دەسەپێنن.

٨- هەولدان بۆ ئەوە کە حیزبی کۆمۆنیستی ئێران هەر لە ئێستاوە بچێتە نیو ریزی پێشرەوی خەبات بۆ سوسیالیزمی کارگەری لە ئاستی نەزەری و پراتیکی‌دا.

٩- ئامادەگی بۆ یەك لاکردنەوی یەکجاری تەکلیفی حیزبی کۆمۆنیستی ئێران بە قازانجی حەرەکەتی کۆمۆنیستی کارگەری لە کونگرەی چوارەم دا.

منصور حکمت

١٣٦٩/٥/١٠

١٩٩٠/٨/١

***